Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.6

# ڕۆڵ و بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کۆندەکتەر لە ئۆرکێسترادا

OPEN ACCESS

*Corresponding author
کاوان احمد الیاس
Kawan.elias@su.edu.krd

RECEIVED :02 /03/2025
ACCEPTED :17/06/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

**کاوان احمد الیاس/** بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر ،هەرێمی کوردستان،عیراق
**سرود فؤاد محمد/** بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر ،هەرێمی کوردستان،عیراق

**وشە سەرەکییەکان:**
ڕۆڵ،
بەکارهێنان،
تەکنیک،
کۆندەکتەر،
ئۆرکێسترا

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، تایبەتە بە ڕۆڵ و بەکارهێنانی تەکنیکە جیاوازەکانی کۆندەکتەر لە ئۆرکێستراکاندا و توێژینەوەیەکی شیکاری و وەسفی یە، توێژەران لەم توێژینەوەدا بە شێوەیەکی زانستی شرۆڤە لەسەر کۆمەڵێک لە تەکنیکە جیاوازەکانی ڕابەرایەتیکردنی ئۆرکێستراکان دەکەن، کە وەک بنەمایەک و بەشێکی گرنگ دادەنرێت لە کاری ڕابەرایەتیکردندا. ئەنجامدانی ئەو تەکنیکانە لەلایەن کۆندەکتەرەوە وەک پێویستییەکی گرنگن هەژماردەکرێن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان، کە پەیوەندی بە خودی کۆندەکتەرەوە هەیە لە کاری ڕابەرایەتیکردنی ئۆرکێستراکان، ئەو تەکنیکانە بە کۆمەڵێک جولەی جیاواز لە جەستەی کۆندەکتەرەوە دێتەکایەوە، ئەو تەکنیکانەی کۆندەکتەر هۆکارێکن بۆ بەرزکردنەوەی نمایشە موزیکییەکان، ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی و سەرکەوتووانە ئەنجام بدرێت، بۆیە ئەو تەکنیکانە بۆ نمایشە موزیکییەکان وەک پێویستیەک سەیردەکرێت. لە ژێر ئەو ڕۆشناییە، توێژەران بە گرنگیان زانی ڕۆڵ و شێوازی ئەنجامدانی جۆرەکانی ئەو تەکنیکانەی کۆندەکتەر، لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکدا بخەنەڕوو.

بابەتی توێژینەوەی هەڵبژێردراو، چەندین باس و تەوەری گرنگ لەخۆ دەگرن کە گشتیان پەیوەستن بە تەکنیکەکانی کۆندەکتەر و جولەی تەواوی جەستەی کۆندەکتەر، باسەکانی تەکنیکی کۆندەکتەر: بە دەستی ڕاست و چەپی کۆندەکتەر دەستپێدەکات، تایبەتمەندی جولەکانی دەستی کۆندەکتەر بە جیا شیدەکرێنەوە واتە دەستی ڕاست بە جیاو دەستی چەپ بە جیا، دواتر تەکنیکەکانی باتون باس دەکرێت، خاڵە هاوبەشەکانی دەستی ڕاست و چەپی کۆندەکتەر باسێکی دیکەی توێژینەوەکەیە، دواتر تەکنیکەکانی ڕوخسار و جەستەی کۆندەکتەر دوو بابەتی تەکنیکی گرنگن بۆ کۆندەکتەر شرۆڤەی لەسەر دەکرێت، لە کۆتاییدا باس لە شوێنی دەستپێک و کۆتایی کۆندەکتەر بۆ هاتنە سەر شانۆ دەکرێت کە بەیەکێک لە تەکنیک و ئەتەکێتەکانی کۆندەکتەر دادەنرێت.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١. پێشەکی:

تەکنیکی کۆندەکتەر دەستەواژەیەکی تایبەتە بە شێواز و چۆنیەتی ڕابەرایەتیکردنی ئۆرکێستراکان، کە کاریگەری لەسەر تەواوی ڕاهێنان و نمایشە ئۆرکێسترایییەکان هەیە، ئەو تەکنیکانەی کۆندەکتەر بەکاریان دەهێنێت زۆرن و لە کۆندەکتەرێک بۆ کۆندەکتەرێکی دیکە دەگۆڕدرێن، بە پێی باکگراوند و زانیاری کۆندەکتەرەکە و ئەو دانراوە موزیکیانەی ڕابەرایەتی دەکەن لە شێوازە جیاوازەکان و سەردەمە جیاوازەکان و ئۆرکێسترا جیاوازەکاندا، تەکنیکی ڕابەرایەتیکردن هەمیشە لە پێشکەوتندا بووە، وەک تەکنیکی ئامێرەکان و تەواوی زانستەکانی موزیک، جولە جیاوازەکانی کۆندەکتەر و تەکنیکەکان هەمیشە کاریگەری لەسەر ئاستی پێرفۆرمانسی ئۆرکێستراکان هەیە، گشت ئەو تەکنیکانە لە ڕێگای بەکارهێنانی جولەکانی کۆندەکتەرەوە دێتە ئەنجامدان، بۆیە کۆندەکتەر پێویستە ئاگاداری ئەوە بێت کە گشت ئەو جولانەی ئەنجامی دەدات لە دەستپێکی کارێکی موزیکی لە ئۆرکێستراکاندا تا کۆتایی دەبێت واتاداربن، چونکە گشت ژەنیارەکانی نێو ئۆرکێسترا کاتێک پێرفۆرمی دانراوە موزیکییەکان دەکەن لە نمایشەکان لەگەڵ جولەکانی کۆندەکتەر پەیوەستن، ئەو جولانە کاریگەری تەواویان لەسەر ئاستی نمایشە موزیکییەکان دەبێت کە کۆندەکتەر ئەنجامی دەدات، پێویستە کۆندەکتەر هاوسەنگی نێوان بەشەکانی ئۆرکێسترا بپارێزێت و گرنگی بە تەواوی ژەنیارەکانی نێو ئۆرکێستراکان بدات بەبێ جیاوازی، دەبێت گرنگی زیاتر بەو بەشانە بدات کە ڕۆڵی تایبەتیان هەیە بەپێی سکۆرە موزیکییەکان و دانراوە موزیکییەکان.

بە ئەنجامدانی تەواوی ئەو تەکنیکانەی ئاستی نمایشە موزیکییەکان بەرزدەکاتەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆندەکتەری تایبەت لە ئۆرکێستراکاندا لە ڕووی مێژووییەوە تا ئەوڕۆ تەکنیکەکان پەرەی سەندووە و زیاتر جولەکانی کۆندەکتەر واتادارن، کۆندەکتەر بە پلەی یەکەم دێت لە کارێکی ئۆرکێستراییدا و ڕێنیشاندەر و ڕێکخەری تەواوی ئۆرکێستراکەیە، تەواوی جێبەجێکردنی تەکنیکەکانی نێو دانراوەکان و ویستی موزیکدانەرەکان لە ئەستۆی کۆندەکتەرە کە لە ڕێگای جولەکانی ویستی موزیکدانەر و دواتر ویستی خودی خۆی (کۆندەکتەر) جێبەجێ بکات.

## ١.١ کێشەی توێژینەوە:

کێشەکانی ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک خاڵی سەرەکی لەخۆدەگرن، لەوانە: بەکارهێنانی نازانستی تەکنیکە جیاوازەکان و پشتگوێخستنیان لەلایەن هەندێک لە کۆندەکتەرانی نێو ئۆرکێستراکان، کەم شارەزایی کۆندەکتەران لەجێبەجێکردنی تەواوی تەکنیکە جیاوازەکان لە نمایشە موزیکییەکان لە ئۆرکێستراکاندا، نەبوونی زانیاری ورد لەسەر دانراوە موزیکییەکان لە سەردەمە جیاوازەکانی موزیک، چونکە هەر سەردەمێکی موزیکی و موزیکدانەرێکی موزیکی تایبەتمەندی خۆی هەیە لەڕووی تەکنیکی ڕابەرایەتیکردن، جیاکردنەوەی تەکنیکەکانی ڕابەراتیکردن لە ئۆرکێسترا جیاوازەکان یەکێکە لە کێشە باوەکان کە کۆندەکتەران یەک شێواز بەکاردەهێنن لە ئۆرکێسترا جیاوازەکاندا، واتە کۆندەکتەر کاتێک ڕابەرایەتی ئۆرکێسترایەک دەکات دەبێت بزانێت ئەو ئۆرکێسترایە چ جۆرێکە و ژمارەی ژەنیاران چەندن، ئەوە دەبێتە هۆکاری هەڵبژاردنی شیاوترین جولەی جەستە و دەستەکان، نەبوونی شارەزایی تەواو لەسەر ڕۆڵ و جیاوازی جولەی دەستەکان لە کاتی ڕابەرایەتیکردندا، بەردەست نەبوونی میتۆدی زانستی تایبەت بە تەواوی تەکنیکەکانی کۆندەکتەر لەکاتی ڕابەرایەتیکردندا بە زمانی کوردی بۆ خوێنەران و فێرخوازان یەکێکە لە کێشە گەورەکان بۆ خوێنەر و کۆندەکتەران لە بواری موزیکدا.

## ٢.١ گرنگی توێژینەوە:

١. ئەو توێژینەوەیە ئاستی نمایشە ئۆرکێسترایییەکان بەرزدەکاتەوە.

٢. ئەو توێژینەوەیە بۆ گشت نێوەندە زانستیەکان و هەروەها ئارەزوومەندانی ئەو بوارە بەسودە.

٣. کۆندەکتەرانی کورد بە شێوازە دروست و زانستییەکەی ئەنجامدانی تەکنیکەکانی کۆندەکتەر ئاشنابن، کە ڕۆڵ و تایبەتمەندی و گرنگی ئەو تەکنیکانە خراونەتەڕوو.

**٣.١ ئامانجی توێژینەوە:**

ناساندنی ڕۆڵ و شیکردنەوەی تەکنیکەکانی کۆندەکتەر و شێوازەکانیان بە شێوەیەکی زانستی، بۆ ئاشنابوونی خوێنەرانی بواری موزیک و خستنەڕووی تایبەتمەندی و گرنگی تەکنیکە جیاوازەکانی کۆندەکتەر لە ئۆرکێستراکاندا. هەروەها شرۆڤەکردنی جۆرەکان و شێوازەکانی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کۆندەکتەر لە ئۆرکێستراکاندا. واتاداربوونی جوولەکانی کۆندەکتەر یەکێکە لە ئامانجەکانی توێژەران، واتە گشت ئەو جولانە بە پشت بەستن بە تەکنیکەکان، دەبێت بە هۆکارێکی زانستی لەلایەن کۆندەکتەرەوە ئەنجام بدرێت.

**٤.١ سنورەکانی توێژینەوە:**

١.٤.١ سنوری جوگرافی: سنوری جوگرافی ئەم توێژینەوەیە جیهانییە.

٢.٤.١ سنووری مێژوویی: سەردەمی موزیکی باڕۆک تا ئەمڕۆ.

٣.٤.١ سنوری بابەتی: ڕۆڵ و بەکارهێنانی تەکنیکە جیاوازەکانی کۆندەکتەر لە ئۆرکێسترادا.

**٥.١ پێناسەی چەمکەکان:**

١.٥.١ ڕۆڵ : ئەگەر لە ڕووی ئەرکەوە ڕۆڵ بناسێنین هەموو ئەو ڕەفتار و چالاکیانە دەگرێتەوە کە تاکەکان لە شوێن و پێگەی جیاوازی خۆیاندا جێبەجێی دەکەن.(کەژاڵ،پاقی، ٢٠٢٣)

٢.٥.١ تەکنیکەکانی کۆندەکتەر: گشت ئەو تەکنیکانە دەگرێتەوە ،کە پەیوەستن بە جولە جیاوازەکانی جەستەی کۆندەکتەر، لە ڕێگای جولە و تەکنیکەکانی کۆندەکتەر، ویستی کۆندەکتەر و مەبەستی دەگات بۆ ژەنیارانی ئۆرکێستراکان. (Rudolf, 1995)

٣.٥.١ کۆندەکتەر (Conductor): کۆندەکتەر ئەو کەسەیە کە ڕابەرایەتی ئۆرکێسترا دەکات، بە جولەی دەست و ئاماژەکانی تەواوی جەستەی، کات و ڕیتمی موزیکەکە کۆنترۆڵ دەکات و هەماهەنگی نێوان بەشە جیاوازەکانی ئۆرکێسترا دروست دەکات. کۆندەکتەر لێکدانەوەی خۆی بۆ دانراوە موزیکییەکان و هەست و ویستی بۆ ژەنیارەکان دەخاتە ڕوو، هەروەها بەرپرسە لەسەر ئاستی نمایشە موزیکییەکان، لە پرۆڤەکاندا هەمیشە ڕێنمایی و ڕاهێنان بە ژەنیارەکان دەکات. کۆندەکتەر هونەرمەندێکی شارەزا و لێهاتووە لە بواری موزیکدا و توانای خوێندنەوەی سکۆرە موزیکییەکانی هەیە (Green and Gibson, 2004)

٤.٥.١ ئۆرکێسترا: ئۆرکێسترا گروپێکی گەورەی موزیکییە کە کۆمەڵێک خێزانی ئامێرەکانی لەخۆ گرتووە، بە شێوەیەکی گشتی خێزانی ئامێرەکان لە ئۆرکێسترادا لەوانە پێکدێن: (ئامێرە ژێدارەکان، ئامێرە فوودارەکان، ئامێرە فومسییەکان، ئامێرە پێرکیشنەکان). جێگای باسە گشت ئۆرکێستراییەکان لەلایەن کۆندەکتەرەوە ڕابەرایەتی دەکرێن.(Levine, 2001)

**٢. میتۆدۆلۆجی:**

**١.٢ تەکنیکەکانی کۆندەکتەر و جۆرەکانی:**


**١.١.٢ دەستی ڕاست و چەپی کۆندەکتەر: (the Right and left hands of Music Conductor)**

ئەو تەکنیکانە بە یەکێک لە تەکنیکە جەستەییەکان هەژمار دەکرێت، کە گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە کاتی ڕابەریکردنی ئۆرکێستراکاندا، جێگای ئاماژە پێدانە کە، دەستی ڕاست و چەپ تەواوکاری یەکن لە کاری ڕابەرایەتیکردندا، بۆیە چەند خاڵێکی هاوبەشیان هەیە کە دواتر توێژەران خاڵە هاوبەشەکان شرۆڤە دەکەن، بەڵام ئەم تایبەتمەندیانە بە جیاواز دەخرێنەڕوو کە ڕۆڵی تایبەتیان هەیە لە کاتی ڕابەریکردندا.(Meier, 2009)

**٢.١.٢ تەکنیکە تایبەتەکانی دەستی ڕاست:**

کۆندەکتەر دەبێت زۆر بە ژیرانە جولەکانی دەستی ڕاستی بەکاربهێنێت و دەبێت بە نەرمی و ڕێکی بێت، پەنجەکانی دەستی بەیەکەوە جولە بکەن و کەمێک کراوەبن، زۆر گرنگە لەگەل دەسپێکی نمایشەکە و پێرفۆرمکردنی دانراوە موزیکییەکان

کۆندەکتەر ئاگاداری گشت ژەنیارەکان بێت و ئینجا دەستپێبکات، لەگەڵ سەیرکردنی سکۆرە موزیکیەکە و بە پێی ئەو دانراوە موزیکییە خاڵی دەسپێک دەگۆڕدرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە هەندێک کات لەکاتی دەسپێکردنی نمایش بەشێک لە ژەنیاران بەشدار دەبن بۆ نموونە بەشی ڤایۆلینی یەکەم و دووەم لەو کاتەدا کۆندەکتەر دەبێت جولەی دەستە ڕاستی بۆ ئەو بەشانە نیشان بدات کە دەسپێک لەلای ئەو سێکشنانەیە، بۆ سێکشنەکانی دیکەش بە هەمان شێوە، بەڵام ئەگەر لە سکۆرە موزیکییەکە لە کاتی دەسپێکردن گشت ژەنیارەکان بەشداربوون لەو کاتەدا پێویستە ئاماژە بە گشت ئۆرکێستراکە بکات. لەکاتی دەسپێکردن، پێویستە کۆندەکتەر لەکاتی ڕاهێنانەکاندا گشت جولەکانی دەستی بۆ ژەنیاران شیبکاتەوە ، بۆ ئەوەی ژەنیاران لە جولەکانی کۆندەکتەر تێبگەن لەکاتی نمایشی پێرفۆرمکردنی دانراوە موزیکییەکان، ئەگەر کۆندەکتەرێک نمایشی لەگەڵ ئۆرکێسترایەک زۆر ئەنجام دابێت ژەنیارانی ئۆرکێستراکە بە ئاسانی لە جولەکانی کۆندەکتەر تێدەگەن، بەڵام ئەگەر کۆندەکتەرێک کارێکی نوێی لەگەڵ ئۆرکێسترایەکی نوێ ئەنجامدا پێویستە جولەکانی دەستی بۆ ژەنیاران شیبکاتەوە، تا ژەنیارەکان نەشڵەژێن لەکاتی ژەنیندا، هەر جولەیەکی دەستی ڕاستی کۆندەکتەر واتایەکی تایبەتی هەیە، دەستی ڕاستی کۆندەکتەر وەک ڕۆڵی سەرەکی بەرپرسە لەسەر پاراستنی ریتمی دانراوە موزیکییەکان، واتە (tempo)، کە بەرپرسە لەسەر گشت ئەو ریتمانەی لە نێو دانراوە موزیکییەکان هەن، واتە هەندێک لە دانراوە موزیکییەکان زیاتر لە ریتمێکیان هەیە و چەند ریتمێکی جیاواز بەکارهێنراون، کۆندەکتەر زۆر بە ژیرانە دەبێت ڕوونکردنەوە بدات بە ژەنیاران کە چۆن ئاماژە دەدات لەکاتی گۆڕینی ریتمەکان لە نێو دانراوەکاندا، کاری کۆندەکتەرە کە ریتمی دانراوەکە بپارێزێت بە دەستی ڕاستی، لەگەڵ یەکەم جولەی دەستی، ریتمی دانراوە موزیکییەکە دیاریدەکات بۆ ژەنیارەکان لە ئۆرکێستراکاندا بە جولەکردنی یەکەم لێدان (beat) و ئاراستەکردنی دەستی کۆندەکتەر بۆ سەرەوە ئاماژەیە بۆ دەسپێکردن و لەو جولەیەدا ئاستی خێرایی و تیژڕەویی پارچە موزیکەکە لەلایەن کۆندەکتەرەوە دیاریدەکرێت ،کە کۆتا (beat) دەبێت لە کێشی دانراوەکاندا ، ئەگەر لەکاتی دەسپێکردن دەستی ڕاستی لە خوارەوە بوو واتە کاتی دەسپێکردن نەهاتووە، بەڵام لەکاتی بەرزکردنی دەستی ڕاستی کاتی نمایشەکە دیاریدەکات، پێوستە دەستی ڕاستی بەرز بکات و بە شێوەیەکی کراوە ڕوو لە ژەنیارەکان بکات، وەک ئاماژەیەک بۆ ئامادەبوون و دەسپێکردنی نمایشەکە، کۆندەکتەر تا دەستی ڕاستی بەرز نەکاتەوە ژەنیارەکان نابێت ئامێرەکانیان ئامادە بکەن بۆ ژەنین، هەمیشە دەستی چەپیش هاوشانی دەستی ڕاستە و بە شێوەیەکی ڕوو کراوە و لەپی دەست بۆ سەرەوە واتای ئامادەکردنی ئامێرەکانە لەلایەن ژەنیارەکانەوە. (سەرچاوەی پێشوو) (وێنەی ژمارە ١) شێوازی دەستپێکردنی نمایشە کە کۆندەکتەر بە ژەنیارەکانی ئۆرکێسترا دەڵێت ئامادەبن بۆ ژەنین و پێرفۆرمانس:



وێنەی ژمارە (١) ئامادەبوونی ژەنیاران پێش دەسپێکی نمایش

دەستی ڕاستی کۆندەکتەر وەک مێترۆنۆمێک بەردەوام ئاگاداری ژەنیارەکان دەبێت لە دەرنەچوونیان لە ریتم، کە یارمەتی ژەنیارەکان دەدات تا بە شێوەیەکی جێگیر و دروست ئاگاداری کات و ریتم بن، کۆندەکتەر دەبێت زۆر ئاگاداری دەستەکانی بێت لە بچووکترین ئاماژە تا گەورەترین، کە بە ڕوونی لە گشت ژەنیارەکانەوە دیارە. و ڕوونە ، پێویستە لەسەر کۆندەکتەر ئاگاداری ئەو جێگایانە بێت کە گروپی ئامێرە پێرکەیشنەکان(percussions) لە کاتی ژەنیندا بەشدار دەبن ، بە دەستی ڕاستی ئاماژە بەو شوێنە بکات کە ڕۆڵیان هەیە، چونکە لە زۆرینەی دانراوە موزیکییەکان گروپی ئامێرە پێرکەیشنەکان بەبەردەوامی پێرفۆرم ناکەن، بۆیە ژماردنی ئەو پشووە زۆرانە لەلایەن ژەنیارانی پێرکەیشن لە نێو نۆتەکاندا هەندێک ئەستەمە، بۆیە کۆندەکتەر دەبێت ئاگاداریان بکاتەوە لەو شوێنانەی کە ڕۆڵیان هەیە.(Labuta, 2010)

هەمیشە ئەو دانراوانەی کە لەناکاو لە ڕووی ریتمەوە گۆڕانیان بەسەر دادێت، کۆندەکتەر دەبێت زۆر بە هۆشیاریەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکات بۆ ئەوەی لەلایەن ژەنیارەکانەوە شڵەژان دروست نەبێت، بۆیە لێرەدا پێویستە کۆندەکتەر هەمیشە لە خوێندنەوەی سکۆرە موزیکییەکان یەک (beat) یان زیاتر لە پێش ژەنیارەکان بێت لە کاتی خوێندنەوەی سکۆرە موزیکییەکان، بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکات لەهەر گۆڕانکارییەکی لەناکاو کە دێتە پێش بۆ ژەنیاران، واتە دەبێت کۆندەکتەر پێش چونە نێو بەشێک یان جولەیەکی نوێ کە ڕاستەوخۆ ریتمەکە دەگۆڕدرێت لە خاو بۆ خێرا یان بە پێچەوانەوە، دەبێت کۆندەکتەر بارێک پێش ئەم گۆڕانە و لە ترپەی کۆتایی جولەکەی پێشتر ئاماژەی دەستی بگۆڕێت بۆ ئەو ریتمە نوێیەی ژەنیارەکان چاوەڕوانی گۆڕینن، بۆ ئەوەی ژەنیارەکان پێش دەستپێکردن بە ریتمە نوێیەکەی جولەیەکی موزیکی نوێ ئامادەبن بۆ ژەنین بەبێ شڵەژان و ئاشناییان هەبێت، ئەو کردارە بە دەستی ڕاستی کۆندەکتەر دێتە بەجێهێنان.( الخولي، المصدر السابق. ١٩٩٢) بە شێوەیەکی گشتی جولەکانی دەستی ڕاست و چەپ و بەکارهێنانیان لەلایەن کۆندەکتەرەوە گۆڕانیان بەسەر دادێت، بەپێی ئەو ئۆرکێسترایەی کە ڕابەرایەتی دەکات، واتە جۆری ئۆرکێسترا و ژمارەی ژەنیارەکان ڕۆڵیان هەیە لەو بۆشایەی کە کۆندەکتەر جولەکانی تێدا بەکاردەهێنێت، جولەی دەستی ڕاستی کۆندەکتەر بۆ خوارەوە و سەرەوە و چەپ و ڕاست ئاراستە دەکرێت، بە پێی ئەو کێشانەی کە لەلایەن موزیکدانەرەوە دیاریکراون، ڕەنگە شێوازی ڕابەرایەتیکردن لە کۆندەکتەرێک بۆ کۆندەکتەرێکی دیکە بگۆڕدرێت بە پێی ئاست و جۆری ئەو ئۆرکێستراییانەی ڕابەرایەتیان دەکەن، چونکە ئەو تایبەتمەندیانەی باسمان کردن لەسەر تەکنیکی دەستی ڕاست زیاتر ئاماژەدانە بە کات و جێگیرکردنی ریتم وەک بنەمایەکی سەرەکی، بەڵام ڕەنگە ئۆرکێسترایەکی ئاست بەرز پێویستیان بەوە نەبێت کە کۆندەکتەر بەبەردەوامی دەستی ڕاستی بۆ جێگیرکردنی ریتم بەکاربهێنێت، بۆیە لەو کاتە پێویستە کۆندەکتەر ئەرکی دیکە ببەخشێتە دەستی ڕاستی وەک شێوازی پێرفۆرمکردن و گوزارشت کردن و ئاماژە گرنگەکان.(Schuller, 1997) هەمیشە جولەکانی دەستی کۆندەکتەر بە پێی ئەو شێوازەی (style) لە دانراوە موزیکییەکە هەیە دەگۆڕدرێت، کە ئایا ئەو دانراوە موزیکییە تا چ ئاستێک پێویستی بە دەربڕین هەیە، بۆ نموونە ئەو دانراوە موزیکییانەی کە بە شێوازی ڕۆمانتیک دانراون زیاتر پێویستیان بە دەربڕین و گوزارشت هەیە لەوەی کە بە شێوازی کلاسیک نوسراون، واتە ئەرکی دەستی ڕاست بەپێی دانراوە موزیکییەکان و شێوازە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. (Battisti, 2007)

### ٣.١.٢ تەکنیکەکانی باتۆن (baton):

باتۆن بە یەکێک لە ئامرازەکانی کۆندەکتەر دادەنرێت، بۆیە وەک خاڵێکی هاوبەشی دەستی ڕاست و چەپ دادەنرێت، چونکە هەندێک لە کۆندەکتەران بە دەستی ڕاست باتۆن هەڵدەگرن هەندێکیان بە دەستی چەپ، بەڵام وەک شێوە باوەکەی و هەمیشە باتۆن بە دەستی ڕاستی کۆندەکتەر هەڵدەگیرێت. شێوازی بەکارهێنانی باتۆن پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تەواوی تەکنیکەکانی دەستی ڕاستی کۆندەکتەرەوە هەیە، واتە گشت ئەو تەکنیکەکانی دەستی ڕاستی کۆندەکتەر ئەنجام دەدرێت، واتە بە باتۆن ئەنجام دەدرێت، تەنیا ئەو کۆندەکتەرانە نەبن کە باتۆن بەکارناهێنن، وەک هەمیشە کۆندەکتەر لە بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی ئامرازی باتۆن ئازادە، بەکارهێنانی ئامرازی باتۆن و لە لایەن کۆندەکتەرەوە لە کاتی دەستپێک و کۆتایی، کاریگەرییەکی تەواوی هەیە لەسەر پێرفۆرمی ئۆرکێستراکان، تەکنیکەکانی ئەو ئامرازە زۆر بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، واتە خاڵی دەسپێک و کۆتایی دەبێتە تەکنیکێکی گرنگی باتۆن لەلایەن کۆندەکتەرەوە، واتە تەکنیکی باتۆن و شێوازی بەکارهێنانیەتی لە تەواوی گوزارشتەکان و دەربڕینەکانی دەستی ڕاست لە ڕووی تیمپۆ و داینەمیک و ئارتیکولەیشنەکان پەیوەندی بە باتۆنەوە هەیە، توێژەران لە میانی توێژینەوەکەدا تەواوی ئەو تەکنیکانەیان خستۆتەڕوو کە پەیوەندیان بە دەستی ڕاستەوە هەیە، باتۆنیش ئەو ئامرازەیە کە بە تەکنیکەکانی دەستی ڕاست پەیوەستە.(Maxwell, 2011)

### ٤.١.٢ تەکنیکە تایبەتەکانی دەستی چەپی کۆندەکتەر:

دەستی چەپ بە هەمان شێوەی دەستی ڕاست دەکرێت بۆ جێگیرکردنی تیمپۆ بەکارهێنرێت، بەڵام نەک لە تەواوی

نمایشەکەدا بەڵکو لەو شوێنانەی کە پێویستن، بۆ نموونە لە کاتی دەسپێکردنی نمایش واتە لە ترپە (beat)ی یەکەم پێویستە دەستی چەپ هاوشانی دەستی ڕاست بکات، چونکە خاڵی دەستپێک بە خاڵی زێرین دادەنرێت لە نمایشەکاندا، پێویستە ڕوون و دیار بێت لەلایەن ژەنیارەکانەوە، بۆیە دەستی چەپ دەبێت لە خاڵی دەستپێکردن بەشدار بێت تا ژەنیارانی بەشداربوو گشتیان بەیەکەوە ئاگاداری تیمپۆی دەستپێکبن، هەروەها بەهەمان شێوە لە کاتی کۆتایی هێنان پێویستە دەستی چەپی کۆندەکتەر ڕۆڵی هەبێت. دواتر لەو شوێنانەی گۆڕان لە تیمپۆ ڕوودەدات پێویستە دەستی چەپ بەشداربێت تا لە لایەن ژەنیارەکانەوە بە ڕوونی دیاربێت، یان ئەو شوێنانەی خێرابوون و خاوبوونەوە یان درێژکردنەوەی تێدایە پێویست بە بوونی دەستی چەپ دەکات هاوشانی دەستی ڕاست بکات.(Wittry, 2007)

هەمیشە دەستی چەپ ئازادترە لە دەستی ڕاست لە ڕووی گوزارشت و دەربڕینەکانەوە، پێویستە ئەوە بزانین کە کۆندەکتەر ڕابەرایەتی گشت ئۆرکێسترا دەکات بۆیە دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت کە گشت ژەنیارەکان و ئامێرە بەشداربووەکان تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە لە دانراوە موزیکییەکان، واتە نابێت کۆندەکتەر بە دوای میلۆدی سەرەکی بکەوێت و بە دەستی چەپ تەنیا گرنگی بە گوزارشتەکانی ئەو ژەنیارانە بدات کە میلۆدیان لەلایە لە ڕووی دەربڕینەوە، بەڵکو گشت ئەو ژەنیارانەی هاوشانی میلۆدی سەرەکی دەکەن گرنگی خۆیان هەیە، بۆیە کۆندەکتەر دەبێت ئاماژەکانی دەستی چەپی بۆ گشت ژەنیاران بێت، خاڵێکی گرنگی تەکنیکی دەستی چەپی کۆندەکتەر ئاماژەدانە بەو شوێنانەی کە ئامێرێک یان گروپێکی ئامێری (سێکشن) ڕۆڵیان هەیە لە دانراوەکاندا، بۆیە کۆندەکتەر پێش چونە نێو ئەو ڕستە موزیکییە لە دانراوەکەدا بە دەستی چەپی ئاماژە بۆ ئەو (سێکشنە) بکات کە ڕۆڵیان هەیە، یان هەندێک کات بەشێک لە نێو دانراوەکە ژەنیارێک ڕۆڵی تاکژەنی هەیە پێویستە کۆندەکتەر بە دەستی چەپ ئاماژەی بۆ بکات، بۆ ئەوەی ژەنیارەکە پێرفۆرمی بکات، یەکێکی دیکە لە تەکنیکە گرنگەکانی دەستی چەپ هاوشانی کردنی تاکژەنە (soloist) لەگەڵ ئۆرکێسترا، واتە لە سەرەتای دەسپێکی نمایشێکی موزیکی ژەنیارێک بەشدار دەبێت لەگەڵ ئۆرکێسترا دانراوێکی موزیکی نمایش دەکەن، هاوشانیکردنی تاکژەن لەلایەن کۆندەکتەرەوە لە ڕێگای دەستی چەپیەوە ئەنجام دەدرێت، واتە لە سەرەتاوە تا کۆتایی کۆندەکتەر وەک ئامێرێکی یاوەر بە دەستی چەپی هاوشانی تاکژەن دەکات. بە دەستی چەپی، تەواوی ووردەکارییەکانی نێو دانراوە موزیکییەکە و ئاماژەکان بە دەستی چەپی دەگەیەنێتە تاکژەن کە ئەوەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت کە دەبێت تاکژەن لە لای دەستی چەپی کۆندەکتەر بوەستێت بۆ ئەوەی کۆندەکتەر بە دەستی چەپی ئاماژەی پێبدات. (Seaman, 2013)

دەستی چەپی کۆندەکتەر زیاتر بەرپرسە لە دەربڕین و گوزارشتەکانی دانراوە موزیکییەکان هەرچەندە هەندێک جار دەستی ڕاستیش بەشدارە بۆ ئاماژەی گوزارشتەکان، بەڵام دەستی ڕاست بەهۆی بوونی بەرپرسیارێتی جێگیرکردنی ریتم زۆرینەی کات ئەم بەرپرسیارێتییە دەدرێتە پاڵ دەستی چەپ، مەبەست لە گوزارشتەکان پێشاندانی ئەو چیرۆک و بیرۆکانەیە کە موزیکدانەر مەبەستییەتی پێرفۆرم بکرێت، بۆیە کۆندەکتەر بەرپرسە لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکی دانراوە موزیکییەکان وەک خۆی و بە ئاماژەدانی دەستی چەپی دەبێت بیرۆکەکە بە ژەنیاران بگەیەنێت، بۆ ئەوەی ژەنیارانی ئۆرکێسترا بە شێوەیەکی دروست پێرفۆرمی دانراوەکە بکەن، هیچ دانراوێکی موزکی نییە بەبێ مەبەست دانرابێت و گوزارشتی نەبێت، تەنیا هەندێک لەو دانراوە موزیکییانە نەبێت کە دانراوەکان بە شێوازی هاوچەرخ دانراون، بە مەبەستی بەکارهێنانی زۆرترین ئامراز و بەرهەمهێنانی دەنگی جیاواز دانراون، مەبەست لەو شێوەی دانراوانە زیاتر پێشاندانی توانای ئامرازەکانە بۆ بەرهەمهێنانی دەنگی موزیکی جیاواز، وە مەبەست تێیدا تەکنیکی جیاوازە لە ڕەنگی دەنگەکان، گوزارشتەکان لە سەردەمە جیاوازەکانی موزیک گۆڕانیان بەسەر دادێت و واتای جیاوازیان هەیە لە ڕووی داڕشتن و ژەنینەوە، بۆیە کۆندەکتەری سەرکەوتوو دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت کە ئایا ئەو دانراوەی پێرفۆرمی دەکەن لە چ سەردەمێک و بە چ شێوازێک (style) دانراوە، بۆ ئەوەی هەڵە دروست نەبێت لە کاتی پێرفۆرمکردنی دانراوە موزیکییەکان لەلایەن کۆندەکتەر و ژەنیارەکانی ئۆرکێسترا، جگە لە داینامیکەکان کۆمەڵێک هێمای نوسراو هەیە لە نێو سکۆرەکاندا کە کارئاسانی بۆ کۆندەکتەر و ژەنیاران دەکەن کە شێوازی موزیکەکە چۆن بێت، بۆ نموونە (dolce) واتە ژەنین بە شێوەیەکی نەرم و گۆرانی ئامێز و شیرین، یان (subito) واتە لەناکاو دەکرێت لە پێش داینەمیکە جیاوازەکان دابنرێت، کە مەبەست تێیدا دەگۆڕێت بە پێی ئەو داینامیکەی دانراوە،

یان (piu) و (molto) واتە زیاتر، نموونەیەکی دیکە (poco a poco) واتە پلە بە پلە یان وردە وردە، یان (mesto) واتە بە شێوازێکی خەمبار وە هتد... ئەم هێمایانە هاوکاری کۆندەکتەر دەکەن کە گوزارشتەکان بە شێوەیەکی دروست ئەنجام بدەن. (هەمان سەرچاوەی پێشوو)

خاڵێکی تایبەت بە بەرپرسیارێتی دەستی چەپ هەڵدانەوەی سکۆرە موزیکییەکانە، ژمارەی لاپەرەی سکۆرە موزیکییەکان بە پێی دانراوەکان دەگۆڕدرێت، بۆیە یەکێک لە تەکنیکەکانی دەستی چەپ هەڵدانەوەی لاپەرەی سکۆرە موزیکییەکانە بە شێوەیەکی بەردەوام، پێویستە کۆندەکتەر هەمیشە چەند بارێک لە پێش ژەنیارەکانەوە بێت، بۆیە پێویستە پێش تەواوبوونی کۆتا بار لە لاپەرەی سکۆرەکە کە کۆندەکتەر سەیری دەکات دەستی چەپ ڕاستەوخۆ کاری هەڵدانەوە ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی کۆندەکتەر پێش ژەنیارەکان بزانێت لاپەرەی دواتر چۆن پرفۆرم دەکرێت، هەروەها پێویستە دوای هەڵدانەوەی سکۆرەکە دەستی چەپ بگەڕێتەوە شوێنی دیاریکراوی خۆی و بەردەوام بێت لە ئاماژەکان، لە سەردەمی ئێستادا لە شوێنی لاپەرەی سکۆری کۆندەکتەر هەندێک کات (iPad) یان هاوشێوەکەی بەکاردەهێنرێت، کە کارئاسانی دەکات بۆ کۆندەکتەر بە ئاسانی کاری هەڵدانەوەی سکۆڕەکان ئەنجام بدات.(Johnson, 2020)

نموونەیەک لە دەستی چەپی کۆندەکتەر لە کاتی ڕابەرایەتیکردندا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە دەستی چەپ هەمیشە لە ئامادەباشیدایە بۆ گۆڕانەکان بە شێوەیەکی گشتی( وێنەی ژمارە ٢).



وێنەی ژمارە (٢) نموونەیەک لە دەستی چەپی کۆندەکتەر

### ٥.١.٢ خاڵە هاوبەشەکانی دەستی ڕاست و چەپی کۆندەکتەر:

ڕەنگە بە پێی دانراوە موزیکییەکە و ئەو کۆندەکتەرەی ڕابەرایەتی دەکات ئەرکەکان جیاواز بێت، بەڵام بە شێوەیەکی ستاندارد هەردوو دەستی کۆندەکتەر بەرپرسن، دەشێت لە هەندێک خاڵی هاوبەشدا ئەرکی دەستێک زیاتر بێت لە دەستەکەی دیکە بەهۆکاری جیاواز، کە دواتر ئەو دەستەی بەرپرسیارێتی زیاترە لە ئەنجامدانی ئەو تەکنیکانە لەلایەن توێژەرانەوە ئاماژەی پێدەدرێت.

### ١- داینامیکەکان:

خاڵی هاوسەنگی و باڵانسی ئاستی دەنگەکان لە دانراوە موزیکییەکان دیاری دەکەن لە ئۆرکێسترادا، وە لەلایەن کۆندەکتەرەوە دەبێت ئاماژەکان ڕوون بێت، لە موزیکدا بە بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی ئاستی دەنگەکان دەوترێت داینامیکەکان (Dynamics) لە نێو سکۆرە موزیکیەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو بەکاردەهێنرێت, هۆکارێکە بۆ گۆڕان لەسەر ئاستی دەنگەکان، داینەمیکەکان بە ( Decibels ) دەپێورێت. (Meier, 2009)

لە ڕووی ڕابەرایەتییەوە هەمیشە بە پێی ئەو داینامیکانەی دانراوە لەلایەن موزیکدانەرەوە قەبارەی دەستی کۆندەکتەر گۆڕانی بەسەر دادێت، مەبەست لە قەبارە واتە کۆندەکتەر ئەو بۆشایەی لە چوارچێوەی ڕابەریکردندا بەکاریدەهێنێت و نزیکبوونەوە و دوورکەتنەوەی دەستەکانە لەیەکتر، بەهۆی ئەنجامدانی ئەو کارە ژەنیارەکان لە هێماکانی نێو سکۆڕە موزیکییەکان تێدەگەن و جولەی کۆندەکتەریش ڕوون و واتادار دەبێت بۆ بەکارهێنانی داینامیکەکان، سەرەتا ئەو داینامیکانەی بۆ نزم بوونەوەی ئاستی دەنگ بەکاردەهێنرێن پێویستە کۆندەکتەر قەبارەی دەستی بچووک بێت لەکاتی ڕابەرایەتیکردندا، واتە بۆ ئەو داینامیکانەی ئاستی دەنگەکانیان نزمن دەبێت بە شێوەیەکی بچووک لە ڕووی قەبارەی

دەستی کۆندەکتەرەوە ئاماژەیان پێبدرێت و دەستەکان لەیەک نزیک بینەوە و بە شێوەیەکی بچوک کاری ڕابەرایەتی بێتە ئەنجامدان،(Battisti and Garofalo, 2000) داینامیکەکانیش بریتین لە:( Piano، mezzo piano، Pianissimo، Pianississimo، Pianissississimo) (وێنەی ژمارە ٣).



وێنەی ژمارە (٣) کۆندەکتەر لەکاتی بەکارهێنانی ئەو داینامیکانەی ئاستی دەنگەکان نزمن

ئەو داینەمیکانەی بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی دەنگ بەکاردەهێنرێن، پێویستە کۆندەکتەر قەبارەی دەستی گەورە بێت لەکاتی ڕابەرایەتیکردندا، واتە بۆ ئەو داینامیکانەی ئاستی دەنگەکانیان بەرزن دەبێت بە شێوەیەکی گەورە لە ڕووی قەبارەی دەستی کۆندەکتەرەوە ئاماژەیان پێبدرێت و دەستەکان لەیەک دووربکەونەوە، بە شێوەیەکی گەورە و فراوان کاری ڕابەرایەتی بێتە ئەنجامدان، داینامیکەکانیش بریتین لە: ( Forte، mezzo forte، Fortissimo، Fortississimo، Fortissississimo)

وەک نموونەیەک (وێنەی ژمارە ٤) گوزارشت لە بوونی داینامیکێک دەکات کە ئاستی دەنگەکان بەرزن:



وێنەی (٤) کۆندەکتەر لەکاتی بەکارهێنانی ئەو داینامیکانەی ئاستی دەنگەکان بەرزن

بۆ هەردوو شێوازی بەرزبوونەوەی ئاستی دەنگ و نزمبوونەوەی ئاستی دەنگ، هەندێک جار زاراوەی (subito) لە پێشیان دەدانرێت بە واتای لەناکاو دێت، واتە لە ناکاو بەرزبوونەوەی ئاستی دەنگ و لەناکاو نزمبوونەوەی ئاستی دەنگە، پێویستە کۆندەکتەر ئەو داینامیکە بە ژیرانە بگەیەنێت بە ژەنیارەکان و لەناکاو شێوازی دەستەکانی بگۆڕێت و هەمیشە ئەو داینامیکە بە شێویەکی گشتی بە دەستی چەپی کۆندەکتەرەوە دێتە ئەنجامدان. (حنانا، ٢٠٠٧، ل. ١٢٣)

ئەو داینەمیکانەی بۆ پلە بە پلە بەرزبوونەوەی ئاستی دەنگ بەکاردەهێنرێن بریتییە لە (Crescendo) کە کورتکراوەکەی بە شێوەی (.Cresc) دەنوسرێت لە نێو سکۆرە موزیکییەکاندا، پێویستە کۆندەکتەر پلە بە پلە ئاستی دەستی بگۆڕێت، لە

بچووکەوە بۆ گەورە لە ڕووی قەبارەوە، هەندێک لە کۆندەکتەرەکان دەستی چەپیان بە تایبەت بەکاردەهێنن و ئاماژەی دەستیان لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەبەن و مەبەست تێیدا بەرزبوونەوەی ئاستی دەنگە لە نزمییەوە بۆ بەرزی کە ئەو تەکنیکە تایبەتە بە دەستی چەپی کۆندەکتەر. وەک (وێنەی ژمارە ٥) ئەم ئاماژە ڕوونەدەکەینەوە کە ئاستی دەنگ لە نزمیەوە بۆ بەرز دەچێت:



وێنەی ژمارە (٥) کۆندەکتەر لەکاتی بەکارهێنانی ئەو داینامیکانەی ئاستی دەنگەکان پلە بە پلە بەرەو بەرزی دەچێت.

بە پێچەوانەوە ئەو داینامیکانەی تایبەتن بە نزمبوونەوەی ئاستی دەنگ لە بەرزییەوە بۆ نزمی، وەک نموونە (Decrescendo ) کە کورتکراوەکەی (.Decres ) دەنوسرێت لە نێو سکۆرە موزیکییەکاندا یان (Diminuendo ) کە کورتکراوەکەی (.dim ) دەنوسرێت، پێویستە کۆندەکتەر ئاماژەی دەستی لە سەوەرە بۆ خوارەوە بێنێت وەک گوزارشتکردن لە پلە بە پلە نزمبوونەوەی ئاستی دەنگ، (Boult, 1968 ،Labuta, 2010) وەک لە وێنەی ژمارە (٦) ئەو ئاماژەیەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ئاستی دەنگەکان لە بەرزیەوە بۆ نزمبوونەوە ئاراستە دەکەن:



وێنەی ژمارە (٦) کۆندەکتەر لەکاتی بەکارهێنانی ئەو داینامیکانەی ئاستی دەنگەکان پلە بە پلە بەرەو نزمی دەچێت

**٢- قەبارە و خێرایی دەستەکانی کۆندەکتەر بۆ ریتمە (tempo) جیاوازەکان:** لە نێو دانراوەکاندا بە پێی خێرا و خاوی قەبارەکان گۆڕانیان بەسەردادێت بە هەمان شێوەی داینامیکەکان، ڕابەرایەتی بە شێوەیەکی گشتی پێکدێت لە دوو جۆرە قەبارە بۆ ریتمەکان:

**١- ڕابەرایەتیکردن بە شێوەی قەبارەی بچووک:**

ئەم شێوە ڕابەرایەتیکردنە هەمیشە بۆ جولە خێراکان بەکاردەهێنرێت لەلایەن کۆندەکتەرەوە، بۆ نموونە هەندێک لە جولە خێراکانی وەک (allegro واتە خێرا، allegro vivace واتە خێرا و چالاک، presto واتە زۆر خێرا وە هتد.... ) ئەم شێوە ریتمە خێرایانە بە قەبارەی بچووک ڕابەرایەتی دەکرێن، مەبەست لە قەبارەی بچوک لە ڕابەرایەتیکردن واتە بچوککردن و نزیکبوونەی دەستەکانە لە یەکتر، هۆکارەکەشی بەکارهێنانی دەستەکانی کۆندەکتەرە، کە شێوەیەکی زانستی و ڕوون بێت لەلایەن ژەنیارەکانەوە، بتوانێت هاوسەنگی دەستەکانی بپارێزێت و کۆنترۆڵی ژەنیارەکان بکات بە ئاسانی و بەبێ ماندیبوون،

هەمیشە باشترین ڕێگا هەڵبژێردراوە بۆ کۆندەکتەر لە کاتی ڕابەرایەتیکردن کە نابێت هەست بە ماندووبوون بکات، بەڵکو دەبێت بیری لەلای پێرفۆرمێکی ئاست بەرز بێت، چونکە هەندێک کات نمایشە موزیکییەکان زیاتر لە کاتژمێرێک دەخایەنێت بە تایبەتی ئەگەر سیمفۆنیایەکی تەواو نمایش بکەن، بۆیە دەبێت کۆندەکتەر ڕێگای زانستی هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی هیچ گرژبوونێک دروست نەبێت لەکاتی ڕابەرایەتیکردندا.(Kotter, 2012)

## ٢- ڕابەرایەتیکردن بە شێوەی قەبارەی گەورە:

ئەم شێوە ڕابەرایەتیکردنە هەمیشە بۆ جولە خاوەکان بەکاردەهێنرێت لەلایەن کۆندەکتەرەوە بۆ نموونە هەندێک لە جولە خاوەکانی وەک (adagio واتە خاو، adagietto واتە خاوتر لە ئەداگیۆ، lento واتە زۆر خاو ، ئەم شێوە ریتمە خاوانە بە قەبارەی گەورە ڕابەرایەتی دەکرێن، مەبەست لە قەبارەی گەورە لە ڕابەرایەتیکردن واتە فراوانکردن و دوورکەوتنەوەی دەستەکانە لە یەکتر..(Yukl, 2013)

بەردەوامیدان بەو دوو شێوە لە ڕووی قەبارەوە لە کاتی ڕابەرایەتیکردن چەند تەکنیکێکی جیا بەدیدەکرێت کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە خێرابوون و خاوبوونەوەی ریتمە سەرەکیەکانی دانراوە موزیکییەکانەوە هەیە، واتە گۆڕان لە ریتمەکان ڕوو دەدەن، بۆ نموونە (accelerando) کە کورتکراوەکەی لە نێو سکۆری موزیکدا بە (..accel) دەنوسرێت، واتە پلە بە پلە بەرەو خێرابوونی پارچە موزیکەکە کە هەمیشە بە چەند خاڵێک دیاریدەکرێت کە خێرایەکە تا چ ئاستێک بێت وە هەمیشە خێرابوون پەیوەستە بەو تیمپۆیەی لە دوای ئەو زاراوەیەوە دێت، واتە ئەگەر ئەم زاراوەیە دانرابوو خۆی تیمپۆیە سەرەکیەکە (moderato) بوو واتە خێراییەکی مامناوەند دواتر (accelerando) بێت دواتر (allegro) بێت خێراییەکەی جیاوازە لەوەی ئەگەر لە شوێنی (allegro) (presto) بێت لەوکاتەدا پلە بە پلە بەرەو خێرابوون دەبێت پرۆسەکە خێراتر ئەنجام بدرێت، مەبەستی توێژەران لەو ڕوونکردنەوەیە دیارە دەبێت کۆندەکتەریش جولەکانی دەستی بە پێی ئەو خێراییە و ئەو پلە بە پلە بەرەو خێرابوونە ئەنجام بدات کە لە پێش و پاشی ئەو زاراوەیە هەیە، خاڵە گرنگەکە لێرەدا کۆندەکتەر دەبێت قەبارەی دەستی وردە وردە بچووک بکاتەوە، تا بتوانێت کۆنترۆڵی جولەی دەستەکانی بکات، بە پێچەوانەی ئەو نموونەیەی سەرەوە زاراوەی (rallentando) کە کورتکراوەکەی لە نێو سکۆری موزیکدا بە (..rall) دەنوسرێت، یان هەندێک جار زاراوەی (ritardando) کە کورتکراوەکەی لە نێو سکۆری موزیکدا بە( ..rit) دەنوسرێت، واتە پلە بە پلە بەرەو خاوبوونەوەی پارچە موزیکەکە کە هەمیشە بە چەند خاڵێک دیاریدەکرێت، کە خاوبوونەوەکە تا چ ئاستێک بێت و هەمیشە خاوبوون پەیوەستە بەو تیمپۆیەی لە دوای ئەو زاراوەیەوە دێت، واتە ئەگەر ئەو زاراوەیە دانرابوو خۆی تیمپۆیە سەرەکیەکە (allegro) بوو واتە خێرا دواتر زاراوەی (rallentando) بێت دواتر (lento) بێت، پلە بە پلە دانراوە موزیکیەکە بەرەو خاوبوونەوە دەچێت، بە پێی ئەو تیمپۆیە گۆڕانی بەسەر دادێت کە لە سەرەتای دانراوە موزیکییەکە لەلایەن موزیکدانەرەوە ئاماژەی پێدراوە. بە بینینی ئەو زاراوەیە پێویستە کۆندەکتەر قەبارەی دەستی وردە وردە فراوان و گەورە بکاتەوە، تا بتوانێت کۆنترۆڵی جولەی دەستەکانی بکات و ئاماژەیەکی ڕوون بداتە ژەنیارانی بەشداربوو لە ئۆرکێسترادا، ئەو پلە بە پلە خێرابوون و خاوبوونەوە لە کاتی نمایشەکان گۆڕانیان بەسەر دادێت لەلایەن کۆندەکتەرەوە، (صبري، ٢٠١٨، ل. ٤٥) واتە هیچ یاسایەکی نەگۆڕ نییە، یان ڕێنماییەکی چەسپاو، کە ئایا کۆندەکتەر چەند دەبێت خێرا بکات یان خاو بکات، هەروەها بە بوونی زاراوەی (meno mosso) واتە ژەنین بە شێوازێکی خاوتر لە تیمپۆی سەرەکی و پێچەوانەکەشی بوونەی زاراوەی (piu mosso) واتە ژەنین بە شێوازێکی خێراتر لە تیمپۆی سەرەکی پێویستە کۆندەکتەر بە شێوەیەکی ڕوون کاری ڕابەرایەتیکردن بکات لەکاتی گۆڕینی ریتم لە دانراوەکاندا، هەروەها ژەنیارەکان دەبێت زۆر بە وردی ئاگاداری دەست و جولەی کۆندەکتەربن لە کاتی پێرفۆرمکردنی ئەو زاراوانە، پێویستە کۆندەکتەر زۆر ئاماژەکانی ڕوون بێت لە کاتی بە ئەنجامگەیاندنی ئەو شێوە تەکنیک و زاراوانە.(Sinek, 2014)

## ٣- ئارتیکولەیشنەکان (Articulations):

ئارتیکولەیشنەکان لە موزیکدا ئاماژەن بۆ چۆنیەتی ژەنینی نۆتە موزیکییەکان، واتە کاریگەریان لەسەر شێوازی ژەنینەکان دەبێت، هەر یەکێک لە ئارتیکولەیشنەکان پێرفۆرمێکی جیاوازی دەبێت لەلایەن ژەنیارانی ئۆرکێستراکاندا، بە پێی دانراوە موزیکییەکان و موزیکدانەرەکانەوە هەمیشە بە مەبەست ئەو تەکنیکە بەکاردەهێنرێت، وەک ئاماژەیەک بۆ ژەنیاران کە چۆن نۆتە موزیکییەکان پێرفۆرم بکەن، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر دەربڕینە موزیکییەکان لە ئۆرکێسترادا، بۆیە ئەرتیکولەیشنەکان یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکان لەلایەن کۆندەکتەرەوە، بە شێوازی جیاواز پێرفۆرم دەکرێت، بەشێکی گرنگن لە نێو سکۆرە موزیکییەکان و تایبەتمەندی شێوازی سەردەمە موزیکییە جیاوازەکان و دانەرە جیاوازەکان پێشان دەدات.

**ئارتیکولەیشنەکان و شێوازی ڕابەرایەتیکردنیان لەلایەن کۆندەکتەرەوە:**

**لێگاتۆ(Legato) :** هەمیشە نۆتەکان بە نەرمی و بە بەردەوامی دەژەنرێن، دوو نۆتە یان زیاتر بەیەکەوە دەبەستێتەوە بێ بچڕان لە نێوان نۆتەکاندا پیرفۆرم دەکرێت، شێوازی ڕابەرایەتیکردنەکەی دەبێت کۆندەکتەر دەستەکانی زۆر بە نەرمی بجولێنێت و بچڕانی تێدا نەبێت لە کاتی پێرفۆرمکردندا، واتە دەبێت کۆندەکتەر دووربێت لە جولەی گرژی بە دەستەکانی، قەبارەی دەستەکان بە پێی داینامیکەکانەوە دەبێت، واتە جولەی لێگاتۆ شێوازێکی نەرمی دەبێت، بەڵام قەبارەکەی بە پێی ئەو داینامیکانەی دیاریکراون لەلایەن موزیکدانەرەوە دەبێت.

**ستاکاتۆ(Staccato) :** نۆتەکان بە کورتی و جیا لە یەکتر دەژەنرێن، شێوازی ڕابەرایەتیکردنەکەی دەبێت کۆندەکتەر ئاماژەکانی کورت بێت لەکاتی بوونی ئەو ئارتیکولەیشنە، هەندێک لە کۆندەکتەرەکان بە سەری باتۆنەکانیانەوە ئەو ئاماژەیە بە ژەنیارەکانی ئۆرکێسترا دەدەن هەندێکیان بە دەستی چەپیان، واتە دەبێت کۆندەکتەر بە پێچەوانەی ئارتیکولەیشنی لێگاتۆ بە دەستەکانی بچڕان دروست بکات، هەندێک لە کۆندەکتەرەکان تەنیا سەری پەنجەکانیان بەکاردەهێنن بۆ بەرجەستەکردنی ئەو نۆتانەی ستەکاتۆیان لەسەرە.

**تێنوت(Tenuto) :** نۆتەکان بە جیا دەژەنرێت بەڵام بە شێوەیەکی بەیەک بەستراو، لە ڕابەرایەتیکردندا هەمیشە کۆندەکتەر دەبێت دەستەکانی بە شێوەیەک جولە بکەن، نە لێگاتۆ بێت نە ستەکاتۆ، واتە جولەی دەستەکان شێوازێکی لێگاتۆ بەرهەم دەهێنن بەڵام کەمێک بە پچڕاوی.

**مارکاتۆ (Marcato) و ئەکسێنت (Accent) :** بۆیە توێژەران بەیەکەوە ئاماژەیان پێداوە، چونکە هەردووکیان لە ڕابەرایەتیکردندا شێوازێکی لەیەک چوویان هەیە، هەردووکیان واتە ژەنین بە شێوەیەکی گوشار خستنە سەر نۆتەکان، بەڵام جیاوازییەکەیان ئەوەیە کە، مارکاتۆ شێوازێکی بەهێزتری هەیە لە ئەکسنت لەڕووی ژەنینەوە، واتە دەبێت گوشاری زیاتر بخرێتە سەر نۆتە موزیکییەکان، لە ڕابەرایەتیکردندا دەبێت کۆندەکتەر، گوشار بخاتە سەر دەستەکانی بە شێوەیەک جولەیەکی لەنەکاو و توند ئەنجام دەدات.

**پۆرتاتۆ(Portato) :** نێوان لێگاتۆ و ستاکاتۆ، نۆتەکان کەمێک جیا دەکرێنەوە بەڵام نەرمن. لە ڕابەرایەتیکردندا هەمیشە کۆندەکتەر دەبێت دەستەکانی بە شێوەیەک جولە بکەن کە شێوە بچڕانی تێدابێت، بەڵام بە نەرمی پێرفۆرم بکرێت، شێوەی پۆرتاتۆ کە هەمیشە بە دوو شێوەی لە نێو نۆتە موزیکییەکان دادەنرێت.

**سپیکاتۆ (Spiccato) یان ستەکاتیسیمۆ (Staccatisimo):** ئەو ئارتیکولەیشنە تایبەتە بە ئامێرە ژێدارەکان لە ئۆرکێسترادا، شێوازی ژەنینی دەبێت کەوانی ئامێرەکە لەسەر ژێیەکان هەڵبەزێت، شێوازی ڕابەرایەتیکردنی ئەو ئارتیکولەیشنە بە شێوەیەک پێرفۆرم دەکرێت لەلایەن کۆندەکتەرەوە وەک شێوەی ستەکاتۆیە بە ئاماژە دەستییەکان، بەڵام ئاماژەکانی کۆندەکتەر تەنیا بۆ سێکشنی ژێدارەکان بێت.

**فێرماتا (Fermata) یان کرۆنا (corona):** درێژکردنەوەی نۆتەیەک یان زیاتر لە کاتی دیاریکراوی خۆی، بە یەکێک لە تەکنیکە گرنگ و کاریگەریەکان دادەنرێت لە کاتی ڕابەرایەتیکردنی ئۆرکێسترادا، لە کۆندەکتەرێک بۆ کۆندەکتەرێکی دیکە شێوازی درێژکردنەوەی ئەو نۆتەیەی فێرماتای لەسەرە دەگۆڕێت، واتە کۆندەکتەر ئازادە لە شێوازی درێژکردنەوەی نۆتەکە، بۆیە دەبێت ژەنیاران لە کاتی ژەنینی ئەو نۆتەیەی هێمای فێرماتای لەسەرە زۆر بە ئاگاییەوە سەیری کۆندەکتەر

بکەن تا ئەو کاتەی بڕیار لەسەر کۆتایی هێنان بەو درێژکردنەوەیە دەدات، یەکێکە لەو هێمایانەی ڕۆڵی کۆندەکتەر تێیدا دیاردەبێت و کاریگەری لەسەر تەواوی پێرفۆرمانسەکان دەبێت.

کۆمەڵێک تەکنیک و هێمای دیکە هەیە کە وەک پێویستییەک توێژەران ئاماژەی پێدەدەن بۆ شێوە و جولەی کۆندەکتەر لەکاتی بوونی ئەو تەکنیکانە کۆندەکتەر چۆن جولەکانی دەگۆڕێت، بۆ نموونە:

**ترێمۆلۆ(Tremolo):** دووبارەکردنەوەی نۆتەیەکە یان زیاتر بە شێوەیەکی خێرا پێرفۆرم دەکرێت، پێویستە ڕابەری موزیکی بە پەنجەکانی دەستی چەپ یان ڕاست ئەو جولە خێرایە و دووبارە بوونەوەی دەنگەکان بە ژەنیارەکان بگەیەنێت و شێوە لەرزینەک بە دەستەکانی ئەنجام بدات:

**تریل(Trill) :** واتە ژەنینی ئەو نۆتەیەی ئەو هێمایەی لەسەر دانراوە لەگەڵ نۆتەیەک دوای خۆی، لێرەدا کۆندەکتەر پێویستە یەکێک لە پەنجەکانی دەستی چەپی بجولێنێت، وەک ئاماژەیەک بۆ بوونی ترێل لەو شوێنەدا و بە پێی ئەو جولەیەی بە پەنجەی دەستی چەپی ئەنجامی دەدات ژەنیاران خێرا و خاوی ترێلەکە ئەنجام دەدەن.

**تەکنیکی (vibrato):** ئەو تەکنیکە بە یەکێک لە تەکنیکە جوانەکان دەداندرێت لە پێرفۆمی موزیکیدا، واتە ژەنین بە شێوەیەک کە لەرینەوەی تێدابێت، بە پێی سەردەمە جیاوازەکانی موزیکی و دانەرەکانەوە گۆڕانیان بەسەر دادێت، واتە شێوازی جیاوازی هەیە لە ڕووی جێبەجێکردنەوە، زۆر بە کەمی موزیکدانەر ئاماژە بە شوێنی ڤیبراتۆ دەکات لەسەر نۆتەکان، هۆکارەکەشی ئازادکردنی ژەنیارەکانە کە چۆن پێرفۆرمێکی ئاست بەرز پێشکەش بکەن، بە پشت بەستن بە تێبینییەکانی کۆندەکتەر، واتە کۆندەکتەر بڕیار دەدات لە چ شوێنێک و چۆن ڤیبراتۆیەکە ئەنجام بدەن، هەمیشە ئەو شوێنانەی پێویستیان بە ڤیبراتۆیەکی زۆر هەیە، کۆندەکتەر بە دەستی چەپی جولانی پەنجەکانی ئاماژە بە ژەنیارەکان دەدات کە ڤیبراتۆ بکەن.

(Tutti) واتە ژەنین بەیەکەوە هەمیشە ئەم تەکنیکە لە دوای تاکژەن دەبێت (solo) ئینجا ئەو ژەنینە تاکژەنێک بێت یان سێکشنەک لە نێو ئۆرکێسترادا ڕۆڵی ژەنین دەبینن لە نێو ئۆرکێسترادا، واتە دوای تەواوبوونی سۆلۆ هێمای tutti دێت، کە لە نێو سکۆرەکاندا دیاریدەکرێن، پێویستە کۆندەکتەر بە دەستی چەپی ئاماژە بە ژەنیارەکان بکات بۆ تەواوی ژەنیارەکان کە ڕۆڵیان هەیە.

**تەکنیکی (cadenza) یان (cadence) کادێنزا:** ئەو تەکنیکە هەمیشە لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە تاکژەنێک (soloist) یک بە جیا لەگەڵ ژەنیارانی ئۆرکێسترا پارچە موزیکێک دەژەنێت، بەشێک دیاریکراوە لەلایەن موزیکدانەرەوە کە ئەو بەشە تایبەتە بە تاکژەنەکە، لەو کاتەدا تەواوی ئۆرکێسترا دەوەستن لە ژەنین و تاکژەنەکە بەردەوام دەبێت، لە ژەنینی ئەو بەشەی بۆی دیاریکراوە بە شێوەیەکی ئازاد پیرفۆرمی ئەو بەشە دەکات، پێویستە لەسەر کۆندەکتەر ئاماژەی دەستی بۆ ژەنیارانی ئۆرکێسترا بکات، کە بوەستن لە کاتی ژەنین و لە هەمان کاتدا بە دەستی چەپی ئاماژە بۆ تاکژەنەکە دەکات کە شوێنی کادێنزاکە بژەنێت، دوای ئەوەی تاکژەنەکە دەست دەکات بە ژەنینی ئەو بەشە، پێویستە کە کۆندەکتەر بوەستێت لە ئاماژەکانی تا ژەنیارەکە تەواو دەبێت کە بەشی کادێنزاکەیە، واتە دەستەکانی دەهێنێتە خوارەوە بەبێ هیچ ئاماژەیەک، کە تاکژەن تەواو دەبێت وەک ئاماژەیەک بۆ کۆندەکتەر سەیری کۆندەکتەر دەکات، هەمیشە موزیکدانەران دوای تەواوبوونی کادێنزا هێمای (tutti) دادەنێت وەک ئاماژەیەک بۆ ژەنیاران و کۆندەکتەر واتە، بەیەکەوە ژەنین. کۆندەکتەر دەست دەکات بە ئاماژەکانی و ئاماژە بە ئۆرکێسترا دەدات، کە دەست بکەن بە ژەنینەوەی دانراوە موزیکییەکە.

**پیتزیکاتۆ (Pizzicato):** بۆ خێزانی ئامێرە ژێدارەکان واتە ژەنین بە پەنجە، لە بری ژەنین بە کەوانی ئامێرەکانیان، دەبێت کۆندەکتەر ئاماژە بەو شوێنانە بدات کە تەکنیکی پیتزیکاتۆ دانراوە لە نێو دانراوەکاندا، هەروەها پێویستە کۆندەکتەر بە دەستەکانی ئاماژەیەکی کورت بدات بە ژەنیارانی ئامێرە ژێدارەکان وەک شێوەی ژەنینی پیتزیکاتۆ.

**هێمای (') کۆما:** کە لەسەر نۆتە موزیکییەکان دادەندرێت، ئەو تەکنیکە تایبەتە بە ئامێرە (فوودارەکان) و (فوومسییەکان) واتە هەڵکێشانی هەناسە بۆ دووبارە ژەنینەوە، پێویستە کۆندەکتەر بە دەستی چەپی ئەو ئاماژەیە بە ژەنیارانەی ئامێرە فوودارەکان بگەیەنێت. ، لەو کاتەدا پێویستە جوولەی دەستی چەپی کۆندەکتەر لە خوارەوە بۆ سەرەوە بێت و بچێت وەک ئاماژەی هەڵکێشانی هەناسە، بۆ ئامادەبوونی بە ژەنینی نۆتەکانی دواتر.

**گلیساندۆ (Glissando):** واتە خلیسکانی نۆتەیەک بۆ نۆتەیەکی دیکە، هەمیشە بە کورتکراوەیی لەسەر نۆتەکان دەنوسرێت (Gliss) پێویستە ئەو تەکنیکە بە دەستی چەپی کۆندەکتەر ئەنجام بدرێت، بە ئاراستەکردنی دەستی چەپی لە سەرەوە بۆ خوارەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەنجامدانی تەکنیکی خلیسکان لەلایەن ژەنیارانی ئۆرکێسترا. ( Blanchard and Johnson, 2015)


ئەو تەکنیکانە کۆمەڵێک تەکنیکی جیاوازن لە نێو سکۆرە موزیکییەکان بوونیان هەیە، بۆیە توێژەران بە پێویستیان زانی ئاماژەیان پێبکەن، وەک بەشێک لە تەکنیکە جیاوازەکانی کۆندەکتەر.

## شێوە و ئاراستەی جولەکان بە پێی ئەو کێشە باوانەی کە لە نێو سکۆرەکان هەن، بە یەکێک لە بنەمای تەکنیکەکانی دەستی کۆندەکتەر دادەندرێت :

**کێشە سادەکان (simple pattern):** لە کاری ڕابەرایەتیکردندا کێشە سادەکان ئەو کێشانەن کە یەک شێوە جولەیان هەیە لەکاتی ڕابەریکردندا واتە بەیەک شێواز ڕابەرایەتی دەکرێن، کێشەکانیش ئەوانەی خوارەوەن:

**١- کێشی دوو-چوار**

یەکێکە لە کێشە سادەکان ئەو شێوازەی ڕابەرایەتی بە شێوازی مارش ناسراوە، ئەو شێوازە بە شێوازە سادە و ئاسانەکە ناسراوە بۆ کاری ڕابەرایەتیکردن، تایبەتە بەو کێشانەی ژمارەی سەرەوەیان (2) دووە یان دوانین، جولەکانی دەستی کۆندەکتەر: ترپەی یەکەم لە سەرەوە بۆ خوارەوە بۆ لای ڕاست لار دەبێتەوە، ترپەی دووەم لە خوارەوە بۆ سەرەوە ئاراستە دەکات. پێویستە خاڵی وەستان نەبێت لە گشت کێشەکاندا هەمیشە شێوە لاربوونەوە و کەوانەیی بن بۆ بەردەوامیدان بە جولەکان و بەبێ بچڕان، زۆر گرنگە کۆندەکتەر خاڵی دەسپێک و کۆتایی لە یەک شوێن دەست پێبکات و لەم خاڵەش کۆتایی بێت، جگە لە کێشی دوو-چوار ، کێشی دوو-دووش هەمان بنەمای بۆ بەکاردێت لە کاتی ڕابەرایەتیکردندا، جگە لەو کێشانەی کە بە دوو-چوار نوسراونەتەوە لەلایەن موزکدانەرەوە، هەندێک لە کێشەکانی دیکەی وەک چوار-چوار و شەش-هەشت بە بوونی خێراییەکی زۆر لە دانراوەکاندا و جولەکانی کۆندەکتەر ناڕوون دەبن و شڵەژان دروست دەبێت لەلایەن ژەنیارانی ئۆرکێسترادا، بۆیە وا شیاوترە بە کێشی دوو-چوار ڕابەرایەتی بکرێن، هەندێک کات کێشی دانراوەکە بەو ترپانەی لە نێو بارەکان هەن (چوار-چوار)ە، بەڵام هەندێک کات بە بوونی پیتی (C) کە هەمان واتا دەبەخشێت واتە (چوار-چوار)، بەڵام هێڵێک بە نێو پیتی C دادێت کە لە زانستی موزیکدا بە واتای (cut time) دێت واتە بە شێوازی (دوو-چوار) ڕابەرایەتی دەکرێت، چونکە هەمیشە ئەو جۆرە دانراوانە خێراییەکی زۆریان هەیە، کۆندەکتەر پەنا بۆ شێوە و جولەی (دوو-چوار) دەبات بۆ کاری ڕابەرایەتیکردن و بۆ ئەوەی کۆندەکتەر بە ئاسانی بتوانێت پێرفۆرمێکی ئاست بەرز پیشکەش بکات. (شێوەی ژمارە ٧) ئاماژەیە بە چۆنییەتی جولەی دەستی ڕاستی کۆندەکتەر لە کێشی دوو-چوار دا.( حسني، ١٩٩٣)، (Maxwell, 2011)





شێوەی ژمارە (٧) چۆنیەتی جولەی دەستەکانی کۆندەکتەر لە کێشی (دوو-چوار) دا یان دووانی

**تێبینی:** بۆ بەشداربوونی دەستی چەپ لە کاتی جێگیرکردنی تیمپۆ هەمیشە ئاراستەی دەستی چەپ وەک ئاوێنەیەک پێچەوانەی ئاراستەی دەستی ڕاست دەبێت، واتە دەستی ڕاستی کۆندەکتەر لە ترپەی یەکەم لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لای ڕاست ئاراستە دەکات و دواتر لە ترپەی دووەم بۆ سەرەوە ئاراستە دەکات، بە هەمان شێوە دەستی چەپ لە ترپەی

یەکەم لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لای چەپ ئاراستە دەکات و لە ترپەی دووەم بۆ سەرەوە ئاراستە دەکات، لە گشت ئەو کێشانەی ئاماژەیان پێدەدرێت هەمان بنەمایان بۆ بەکاردێت، پێویستە کۆندەکتەر ئاگاداری بەشداری دەستی چەپی بێت، واتە لە چ کاتێک و لە کوێ دەبێت دەستی چەپ بەشدار بێت، چونکە دەستی چەپ وەک ئاماژەی پێدراوە لە زۆربەی کاتدا زیاتر بۆ دەربڕین و گوزارشتەکان بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەگەر بەشدار بێت وەک جێگیرکردنی تیمپۆ و هاوشانی دەستی ڕاست بکات، پێویستە کە لە ترپەی کۆتایی گشت کێشەکان بەشدار بێت واتە، لە کۆتا ترپەی کێشەکان بە گشتی، ئینجا هەر کێشێک بێت، ئەو تێبینیانە دووبارە ناکرێتەوە لە کێشەکانی دیکە لەلایەن توێژەرانەوە، چونکە هەمان بنەمایان بۆ بەکاردەهێنرێت.

**٢- کێشی (سێ-چوار):**


یەکێکە لە کێشە سادەکان و ئەو شێوازەی ڕابەرایەتی بە شێوازی واڵتز یان ڤاڵس ناسراوە، هەمیشە ئەو شێوەیە لە ڕابەرایەتیکردندا شێوازێکی سەما ئامێزە، ئاماژەی دەستەکان لە کێشی (سێ-چوار) دا: ترپەی یەکەم بۆ خوارەوە ئاراستە دەکات و ترپەی دووەم بۆ دەرەوە و ترپەی سێیەم بۆ سەرەوە دەچێت، بە دەستی ڕاست و چەپ هەمان بنەمای بۆ بەکاردەهێنرێت، بەڵام توێژەران ئەو شێوە و نموونانەی پێشکەشیان دەکەن زیاتر لەسەر دەستی ڕاست جێبەجێدەکرێت، چونکە دەستی ڕاستی کۆندەکتەر زیاتر پابەندە بە جێگیرکردنی تیمپۆی ئاراستەی جولەی کێشەکان. گشت ئەو کێشانەی ژمارەی سەرەوەیان (3) یە یان سیانین،بەو شێوەیە ڕابەری دەکرێت، بۆ نموونە (سێ-هەشت) هەمان شێوەی هەیە لە ڕابەریکردندا، ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا ئەو کێشانەن کە لەلایەن موزیکدانەرەوە دیاریکراون، بەڵام هەندێک کێشی دیکە هەیە کە جولەی خێرایان هەیە ناتوانرێت پێرفۆرمێکی باش بکرێت، بەهۆی بوونی خێراییەکی زۆر وەک نموونە (شەش-هەشت) یان (نۆ-هەشت) دەتوانرێت بە شێوەی سیانی ڕابەرایەتی بکرێن و هەمان جولەی بۆ بەکاردەهێنرێت، بە دابەشکردنی کێشەکان و ترپەکان بەسەر (٣) ئاراستە جولە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دەکرێت کێشی (شەش-هەشت) شەشەکەی سەرەوە دابەشی سێ بکرێت واتە (٢-٢-٢) و بەسەر جولەکانی (٣) دابەش بکرێت، واتە هەر جولەیەکی کۆندەکتەر بۆ خوارەوە ٢ ترپەی بەردەکەوێت و بۆ دەرەوە ٢ ترپە و بۆ سەرەوە ٢ ترپە، بەهەمان بنەما بۆ کێشی (نۆ-هەشت) ژمارەی سەرەوە کە (٩)یە دابەشی سێ بکرێت واتە (٣-٣-٣) و بەسەر جولەکانی (٣) دابەش بکرێت، واتە هەر جولەیەکی کۆندەکتەر بۆ خوارەوە ٣ ترپەی بەردەکەوێت و بۆ دەرەوە ٣ ترپە و بۆ سەرەوە ٣ ترپە، واتە کۆندەکتەر ئەگەر کێشەیەکی هاتە بەردەم بۆ ڕابەرایەتیکردن و لەلایەن ژەنیارانەوە ڕوون نەبوو دەتوانێت بەو شێوەیە ڕابەرایەتی کێشەکان بکات، . (شێوەی ژمارە ٨) ئاماژەیە بە چۆنییەتی جولەی دەستی ڕاستی کۆندەکتەر لە کێشی سێ-چوار دا.(Prausnitz, 1983)




شێوەی ژمارە (٨) چۆنیەتی جولەی دەستەکانی کۆندەکتەر لە کێشی سێ-چوار دا یان سیانی دا

هەندێک کات شێوەیەکی دیکەی (سێ-چوار) بەدیدەکرێت، لە کاتی ڕابەرایەتیکردندا، ئەویش شێوەی کەوانەییە و بە شێوەیەکی خولاو (Rounded) کەوانەییەکی شێوە هێلکەیی ڕابەرایەتی دەکرێت، بەهۆی بوونی خێراییەکی زۆر لە دانراوەکاندا و یان شێوەی دانراوە موزیکییەکە شێوازێکی سەما ئامێزە واتە (ڤالس) بۆیە وا شیاوترە کۆندەکتەر ئەو شێوازە بەکاربهێنێت. (شێوەی ژمارە ٩) ئاماژەیە بە چۆنییەتی ڕابەرایەتیکردنی کێشی (سێ-چوار) بە شێوازی خولاو یان


کەوانەیی.




شێوەی ژمارە(٩) چۆنیەتی جولەی دەستەکانی کۆندەکتەر لە کێشی 3/4دا یان سیانیدا بە شێوەی خولاو

**٣- کێشی (چوار-چوار):**

بە کێشە باوەکە ناسراوە لە دانراوە موزیکییەکاندا، زۆرینەی موزیکدانەرەکان لە سەردەمە جیاوازەکانی موزیکدا کێشی چوار-چوار یان بەکارهێناوە لە دانراوەکانیاندا، ئەو کیشانەی ژمارەی سەرەوەیان (4)ە، یان چوارین، هەمان بنەمای بۆ بەکاردەهێنرێت، (تێبینی: هەمیشە لە هەندێک دانراوە موزیکییەکان لە شوێنی کێشی (چوار-چوار) بە ووشەی (C) ئاماژە دەدرێت، لە ڕووی واتاوە هەمان واتا دەبەخشێت)، جولەی دەستەکانی کۆندەکتەر: ترپەی یەکەم لە سەرەوە بۆ خوارەوە، ترپەی دووەم بۆ ژوورەوە، ترپەی سێیەم بۆ دەرەوە، ترپەی چوارەم بۆ سەرەوە ئاراستە دەکات، بۆ تەواوی ئەو کیشانەی ژمارەی سەرەوەیان چوارە هەمان بنەمایان بۆ بەکاردەهێنرێت لە کاتی ڕابەرایەتیکردندا، پێویستە جولەکانی دەستی کۆندەکتەر هەمیشە بەردوامی هەبێت و خاڵی وەستانی تێدا نەبێت، واتە بەردەوامی هەبێت لە جولەکانی بە شێوەیەکی کەوانەیی و لاربوونەوەی دەستەکان، کۆندەکتەر دەبێت ڕاهێنان بکات لە جولەی دەستەکانی بەبەردەوامی تا دەگاتە ئاستێک بیر لە جولەکانی دەستی ناکاتەوە و دەستەکان خۆیان جولە دەکەن، ئەوەش بە ڕاهێنان و بەردەوامیدان بە کاری ڕابەرایەتیکردن دێتە ئەنجام، ئەو کێشانەی ژمارەی سەرەوەیان (4)ە بەیەک شێوە ڕابەرایەتی دەکرێت، وە هەندێک کێش هەیە کە ژمارەی سەرەوەشیان (4) نییە، بەڵام بەهۆی بوونی خێراییەکی زۆر لە دانراوەکاندا کۆندەکتەر زۆرجار پەنا بۆ شێوەی جولەی (٤) چواری دەبات لە کاتی ڕابەرایەتیکردندا،(الصنفاوي، ٢٠١٥) بۆ نموونە کێشی (دوازدە-هەشت) دەتوانرێت بە کێش و جولەی (٤)ی ڕابەرایەتی بکرێت، هەر سێ ترپەیەک بەیەک جولە ئەنجام دەدرێت، بۆ نموونە ٣ ترپەی یەکەم بۆ جولەی یەکەم واتە جولەی خوارەوە ٣ ترپەی دووەم بۆ جولەی دووەم بۆ ژوورەوە، ٣ ترپەی سێیەم بۆ جولەی سێیەم بۆ دەرەوە و ٣ ترپەی کۆتایی بۆ سەرەوە، بەم هاوکێشەیە دەتوانرێت بە شێوەی چواری ڕابەرایەتی بکرێت. (شێوەی ژمارە ١٠) ئاماژەیە بە چۆنییەتی جولەی دەستی ڕاستی کۆندەکتەر لە کێشی چوار-چواردا.(Bowles, 2004 )





شێوەی ژمارە (١٠) چۆنیەتی جولەی دەستەکانی کۆندەکتەر لە کێشی چوار-چوار دا یان چواری

**٤- کێشی (پێنج-چوار):**

بە یەکێک لە کێشە سادەکان هەژمار دەکرێت، ئەو کێشانەی ژمارەی سەرەوەیان پێنجە یان پێنجین بەو شێوەیە ڕابەرایەتی


دەکرێن ،ئەو شێوەیەی کێش لە موزیکی جاز زیاتر باوە و بەکار دەهێنرێت. شێوە و وێنەی ستانداردی کێشی پێنجی لە کاتی رابەرایەتیکردندا. بڕوانە شێوەی ژمارە ١١:




شێوەی ژمارە (١١) چۆنیەتی جولەی دەستەکانی کۆندەکتەر لە کێشی پێنج-چوار دا یان پێنجی

**٥- کێشی (حەوت-چوار):**

بە یەکێک لە کێشە سادەکان هەژمار دەکرێت، ئەو کێشانەی ژمارەی سەرەوەیان حەوتە یان حەوتین، بە چەند شێوەیەک ڕابەرایەتی دەکرێن ئەو شێوازانە هەڵبژاردەن بۆ کۆندەکتەر، واتە کۆندەکتەر بە چ شێوازێک لەو شێوازانە ئاسودەیە دەتوانی هەڵیبژێرێت بۆ کاری ڕابەرایەتیکردنی ئۆرکێستراکان، بەڵام دەبێت سەرەتا لە کاتی ڕاهێنانەکاندا بە ژەنیاران بڵێت کە بە چ شێوەیەک ڕابەراتی دەکات، وەک (لە شێوەی ژمارە ١٢) بە پیتی (a,b,c) ئاماژەی پیدراوە کە شێوازە جیاوازەکانن لە کێشی حەوتیدا.




شێوەی ژمارە (١٢) چۆنیەتی جولەی دەستەکانی کۆندەکتەر لە کێشی حەوت چوار دا یان حەوتی.

وەک لە وێنەکەدا دیارە، شێوازی یەکەم کە بە پیتی (a) ناونراوە، ئاراستەی دەستەکانی کۆندەکتەر بەو شێوەیە دەبێت: ترپەی یەکەم بۆ خوارەوە، ترپەی دووەم بۆ دەرەوە، ترپەی سێیەم بۆ ناوەوە و ترپەی چوارەمیش بە هەمان شێوە بۆ ناوەوە دەبێت، لە ترپەی پێنجەم بە کەوانەییەکی گەورە ئاراستەکە بۆ دەرەوە دەچێت و ترپەی شەشەم بە کەوانەییەکی بچووک بۆ دەرەوە دەچێت و ترپەی حەوتەم بۆ سەرەوە.

شێوازی دووەم بە پیتی (b) ئاماژەی پێدراوە، ئاراستەی جولەکان بەو شێوەیە دەبێت: ترپەی یەکەم بۆ خوارەوە، ترپەی دووەم بۆ ناوەوە، ترپەی سێیەم جارێکی دیکە بۆ ناوەوە، ترپەی چوارەم بە کەوانەییەکی گەورەتر بۆ دەرەوە، ترپەی پێنجەم بۆ دەرەوە و کەمێک ئاراستەکەی بەرەو سەرەوە دەچێت و ترپەی شەشەم بۆ سەرەوە دەچێت و کەمێک بۆ ناوەڕاست ئاراستە دەکات و ترپەی حەوتەم بە شێوە کەوانەیەکی دەبێت و بۆ سەرەوە ئاراستە دەکات.


شێوازی سێیەم بە پیتی (C) ئاماژەی پێدراوە، ئاراستەی جولەکانی بەو شێوەیە دەبێت: ترپەی یەکەم بۆ خوارەوە، ترپەی دووەم بۆ ناوەوە، ترپەی سێیەم بۆ دەرەوە، ترپەی چوارەم بۆ دەرەوە و کەمێک بۆ سەرەوە ئاراستە دەکات و ترپەی پێنجەم بۆ سەرەوە و ناوەڕاست ئاراستە دەکات، ترپەی شەشەم بۆ دەرەوە و کەمێک بۆ سەرەوە و ترپەی حەوتەم و کۆتایی بۆ ناوە و سەرەوە ئاراستە دەکات. (Farberman, 1997)

**کێشە ئاڵۆزەکان (complex pattern):**

بەیەکێک لە تەکنیکەکانی کۆندەکتەر دادەنرێت، لە کاری ڕابەرایەتیکردندا، جیگای ئاماژە پێدانە ئەو کێشانە لە بواری موزیکدانان و پێرفۆرمانسدا بە کێشە لێکدراوەکان ناسراوە واتە (compound pattern) ،بەڵام لە بواری ڕابەرایەتیکردندا واتایەکی جیاوازی هەیە، چونکە مەبەست لە بەکارهێنانی ئەو زاراوە موزیکییە بەو شێوەیە زیاتر کاریگەری لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی جولەی دەستەکانی کۆندەکتەرە لە کاری ڕابەرایەتیکردندا، چونکە کێشە ئاڵۆزەکان ئەو کێشانەن کە زیاتر لە شێوەیەکیان هەیە لە کاتی جولەی دەستەکاندا لەکاتی ڕابەریکردندا واتە بە چەند شێوازێک و جولەیەک ڕابەرایەتی دەکرێن، جگە لە جولە ستانداردەکانی بۆی دیاریکراوە بە پێی خێرایی دانراوە موزیکییەکان هەندێک جار بە جولەی کێشە سادەکانیش ڕابەرایەتی دەکرێن، کێشەکانیش ئەوانەی خوارەوەن:


### ١- کێشی (شەش-هەشت):

بە یەکێک لە کێشە ئاڵۆزەکان ناسراوە لە دانراوە موزیکییەکاندا، موزیکدانەران لە سەردەمە جیاوازەکانی موزیکدا ئەو شێوازەیان لە دانراوەکانیان بەکارهێناوە، بە شێوەیەکی گشتی لە فۆرمە سەماییەکان زیاتر بەکارهێنراوە، ئەو کیشانەی ژمارەی سەرەوەیان (6)ە یان شەشین هەمان بنەمای بۆ بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە (شەش-هەشت)، بۆیە بە شێوازی ئاڵۆز هەژمار دەکرێت،(قدوري، ٢٠١٢) چونکە بە چەند شێوازێکی جیاواز دەتوانرێت ڕابەرایەتی بکرێن واتە بە جولەی جیاواز، بە پێی خێرایی دانراوە موزیکییەکان گۆڕان لە شێوازی جولەی دەستی کۆندەکتەر دەگۆڕدرێت، واتە ئەگەر دانراوە موزیکییەکان خێرابوون بە شێوەیەکی جیاواز دێتە پێرفۆرمکردن،بەڵام ئەگەر خێراییەکی مامناوەندیان هەبوو بە شێوازێکی دیکە ڕابەری دەکرێت، واتە بە پێی تیمپۆ (ریتم)ی دانراوەکان جیاوازیان هەیە لە ڕووی ڕابەرایەتیکردنەوە، وەک شێوە ستانداردەکەی ئاراستەکردنی جولەکانی دەستی کۆندەکتەر بەو شێوەیە دەبێت: شەش جولە لەخۆ دەگرێت چونکە ژمارەی سەرەوە شەشە، جولەی یەکەم ئاراستەی دەست بۆ خوارەوە دەچێت، جولەی دووەم ئاراستەی دەست بۆ ژوورەوە بە شێوە کەوانەیەکی بچووک دەچێت و جولەی سێیەم بە هەمان شێوەی بۆ ژوورەوە و دروستکردنی کەوانەیەکی بچووک دەچێت، دواتر جولەی چوارەم بە پێچەوانەی جولەی دووەم و سێیەم دەستی کۆندەکتەرە بۆ دەرەوە دەچێت و شێوە کەوانەیەکی گەورە دروست دەکات، جولەی پێنجەم بە هەمان شێوەی جولەی چوارەم بۆ دەرەوە دەچێت و شێوە کەوانەییەکی بچووک ئاراستە دەکات و کۆتا جولەش کە جولەی شەشەمە بۆ سەرەوە دەچێت، بەو شێوەیە شێوازی ڕابەرایەتیکردنی کێشی شەش-هەشت ئەنجام دەدرێت، وەک شێوە ستانداردەکەی ئەگەر تیمپۆی دانراوەکان خاوبوون و شیاوبوون بۆ جولەکانی دەستی کۆندەکتەر،دەتوانرێت بەو شێوەیە کاری ڕابەرایەتی ئەنجام بدرێت.( Hunsberger, 2018) (شێوەی ژمارە ١٣) ئاراستەکردنی جولەکانی دەستی کۆندەکتەر ڕوون دەکاتەوە.





شێوەی ژمارە (١٣) چۆنیەتی جولەی دەستەکانی کۆندەکتەر لە کێشی شەش-هەشت دا یان شەشی

شێوازەکانی دیکەی ڕابەرایەتیکردنی کێشی شەش-هەشت: ئەگەر دانراوە موزیکییەکان خێراییەکی مامناوەندیان هەبوو و کۆندەکتەر نەیتوانی کۆنترۆڵی جولەکانی دەستی بکات هەڵبژارەدەیەکی دیکەی هەیە بۆ ڕابەرایەتیکردنی کێشی شەش-هەشت ئەویش ئەنجامدانی ئاراستەی جولەی دەستەکانە بە شێوازی سیانی (3) واتە دابەشکردنی ترپەکانە بۆ سەر جولە جیاوازەکان، واتە بۆ هەر ئاراستەیەک دوو ترپەی بەردەکەوێت، (شێوەی ژمارە ١٤) شێوازەکەمان بۆ ڕووندەبێتەوە:





شێوە ی ژمارە (١٤) چۆنیەتی جولەی دەستەکانی کۆندەکتەر لە کێشی شەش-هەشت دا شەشی بە جولە و شێوازی سیانی.

ئاراستەی جولەکانی کێشی شەش-هەشت ئەگەر خێرابوو خێراتر لە شێوازی جولەی سیانی واتە شیاو نەبوو بە شێواز و جولە ستانداردەکەی ڕابەرایەتی بکرێت، کۆندەکتەر وەک هەڵبژاردەیەک دەتوانێت جولەی دووانی بەکاربهێنێت، واتە ئاراستەی جولەکان: جولەی یەکەم لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لار دەبێتەوە بۆ لای دەرەوە و جولەی دووەم بۆ سەرەوە، شێوازی دابەشبوونەکەش بەو شێوەیە دەبێت: بۆ هەر ٣ ترپەیەک جولەیەک بەکاردەهێنرێت، ٢ جولەمان هەیە بۆ هەر جولەیەک ٣ ترپەی بەردەکەوێت، کەواتە دەبێت جولەی لە سەرەوە بۆ خوارەوە ٣ ترپەی بەربکەوێت و لە خوارەوە بۆ سەرەوە ٣ ترپەی بەردەکەوێت. (شێوەی ژمارە ١٥) شێوازی ڕابەرایەتیکردنی کێشی شەش-هەشتە بە شێوازی دووانی.




شێوەی ژمارە (١٥) چۆنیەتی جولەی دەستەکانی کۆندەکتەر لە کێشی شەش-هەشت دا شەشی بە جولە و شێوازی دووانی


ڕابەرایەتیکردنی کێشی شەش-هەشت بە شێوەی خولا یان شێوە نیمچە بازنەیی، ئەو شێوازە هەمیشە بۆ ئەو فۆرمە موزیکانە بەکاردەهێنرێت لە کاتی ڕابەرایەتیکردندا کە سەما ئامێزن، بۆیە کۆندەکتەر دەربرینی دانراوە موزیکییەکە دەکات وەک شێوە جولەیەکی سەمایی،( McElheran, 2004) نموونەی ڕابەرایەتیکردن وەک شێوەیەکی خولاو یان شێوە نیمچە بازنەیی لە کێشی شەش-هەشت دا. بڕوانە شێوەی ژمارە ١٦



شێوەی ژمارە (١٦) چۆنیەتی جولەی دەستەکانی کۆندەکتەر لە کێشی شەش-هەشت دا شەشی بە جولەی خولاو

**٢- کێشی (نۆ-هەشت):**

بە یەکێک لە کێشە ئاڵۆزەکان ناسراوە، لە دانراوە موزیکییەکاندا، موزیکدانەران لە سەردەمە جیاوازەکانی موزیکدا ئەو شێوازەیان لە دانراوەکانیان بەکارهێناوە وەک نموونە لە جولەی دووەمی سیمفۆنیای (٣)ی بیلا بارتۆک بەدیدەکرێت، هەروەها لە موزیکی (یۆنانی، تورکی، بولگاری) و هتد... ئەم شێوازە کێشە بەکارهێنراوە، بە شێوەیەکی ستاندارد ئاراستەی جولەکانی بەو شێوەیە دەبێت: ترپەی یەکەم بۆ خوارەوە، ترپەی دووەم بۆ ناوەوە، ترپەی سێیەم دووبارە بۆ ناوەوە، ترپەی چوارەم بە شێوە کەوانەیەکی گەورە بۆ دەرەوە، ترپەی پێنجەم بۆ دەرەوە، ترپەی شەشەم بۆ دەرەوە، ترپەی حەوتەم بۆ سەرەوە و ناوەڕاست ئاراستە دەکات، ترپەی هەشتەم بۆ دەرەوە و سەرەوە دەچێت و ترپەی نۆیەم و کۆتایی بۆ سەرەوە و ناوەڕاست ئاراستە دەکات، ئەو شێوەیە ستانداردە بۆ ئەو کێشانەی ژمارەی سەرەوەیان (٩)یە یان نۆیین، بەڵام ئەوە لە کاتێکدا بەو شێوەیە ڕابەرایەتی دەکرێت کە لە ڕووی خێراییەوە تیمپۆیەکی خاوی هەبێت، بەڵام ئەگەر تیمپۆیەکی خێرای هەبێت شێوازی ڕابەرایەتیکردنەکە دەگۆڕدرێت، هەڵبژاردەی دووەم ئەگەر تیمپۆیەکە خێرابوو پێویستە کۆندەکتەر بە شێوازی سیانی ڕابەرایەتی بکات، واتە هەر سێ ترپەیەک بۆ یەک جولە و ئاراستە دیاریدەکرێت، واتە ٣ ترپەی یەکەم(١،٢،٣) بۆ خوارەوە، ٣ ترپەی دووەم (٤،٥،٦) بۆ دەرەوە ئاراستە دەکەن و ٣ ترپەی سێیەم (٧،٨،٩) بۆ سەرەوە ئاراستە دەکەن.(Phillips, 2016 ) ، وەک (لە شێوەی ژمارە ١٧) شێوازەکەمان بۆ ڕووندەبێتەوە.



شێوەی ژمارە (١٧) چۆنیەتی جولەی دەستەکانی کۆندەکتەر لە کێشی نۆ-هەشت دا یان نۆیی


**٣- کێشی (دوازدە-هەشت):**

بە یەکێک لە کێشە ئاڵۆزەکان ناسراوە لە دانراوە موزیکییەکاندا، واتە دەکرێت شێوازی ڕابەرایەتیکردنە بە شێوازی دیکە و جیاواز لە شێوە ستانداردەکەی ڕابەرایەتی بکرێت، ئەو شێوە کێشە ئاڵۆزە زۆر باوە لە دانراوە موزیکییەکان بەتایبەتی لە شێوازەکانی وەک (ڕۆک، بلووز، جاز،پۆپ،موزیکی فیلم)، یەکێک لە دانراوە بەناوبانگەکانی کۆنشۆرتۆ پیانۆی ڕەحمانینۆف لە جولەی دووەمی ئەو کێشەی بەکارهێناوە.

ئاراستە و جولەکانی ئەو کێشانەی ژمارەی سەرەوەیان (12)یە یان دوازدەیین، بە شێوە ستانداردەکەی ئەگەر تیمپۆی دانراوەکە خاوبوو بەو شێوەیە ڕابەرایەتی دەکرێت: ترپەی یەکەم بۆ خوارەوە، ترپەی دووەم بۆ دەرەوە، ترپەی سێیەم بۆ دەرەوە، ترپەی چوارەم بە شێوە کەوانەییەکی گەورە بۆ ژوورەوە، ترپەی پێنجەم بۆ ژوورەوە، ترپەی شەشەم بۆ

ژووره‌وه‌، ترپه‌ی حه‌وته‌م به‌ شێوه‌ که‌وانه‌ییه‌کی گه‌وره‌ جارێکی دیکه‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ده‌ره‌وه‌، ترپه‌ی هه‌شته‌م بۆ ده‌ره‌وه‌، ترپه‌ی نۆیه‌م بۆ ده‌ره‌وه‌، ترپه‌ی ده‌یه‌م بۆ سه‌ره‌وه‌ و ناوه‌ڕاست ده‌چێت به‌ شێوه‌ که‌وانه‌ییه‌کی گه‌وره‌، ترپه‌ی یازده‌یه‌م بۆ سه‌ره‌وه‌ و ده‌ره‌وه‌ ئاراسته‌ ده‌کات و ترپه‌ی دوازده‌یه‌م بۆ سه‌ره‌وه‌ و ناوه‌ڕاست ده‌چێت.(Lisk, 2015)

به‌ڵام ئه‌گه‌ر دانراوه‌ موزیکیه‌که‌ تیمپۆیه‌کی خێرای هه‌بوو، شێوازی ڕابه‌رایه‌تیکردن به‌ دوو شێواز ئه‌نجام ده‌درێت، یه‌که‌م به‌ شێوه‌ی سیانی واته‌ ئاراسته‌ی جوله‌کان له‌ سه‌ره‌وه‌ بۆ خواره‌وه‌ دواتر بۆ ده‌ره‌وه‌ وه‌ کۆتا جوله‌ بۆ سه‌ره‌وه‌، به‌و شێوه‌یه‌ ١٢ ترپه‌که‌ دابه‌شی سێ ده‌بێت و هه‌ر به‌شێکیان چوار ترپه‌ له‌خۆ ده‌گرێت، واته‌ جوله‌ی یه‌که‌م ئاراسته‌ی له‌سه‌ره‌وه‌ بۆ خواره‌وه‌ ترپه‌کانی (١،٢،٣،٤) هه‌روه‌ها جوله‌ی دووه‌م ئاراسته‌ی بۆ ده‌ره‌وه‌ ترپه‌کانی (٥،٦،٧،٨) و جوله‌ی سێیه‌م ئاراسته‌ی بۆ سه‌ره‌وه‌ ترپه‌کانی (٩،١٠،١١،١٢) له‌ خۆ ده‌گرن، شێوازی دووه‌م به‌ شێوه‌ی چواری، واته‌ ئاراسته‌ی جوله‌کان له‌ سه‌ره‌وه‌ بۆ خواره‌وه‌ دواتر بۆ ناوه‌وه‌ و دواتر بۆ ده‌ره‌وه‌ و کۆتا ئاراسته‌ و جوله‌ بۆ سه‌ره‌وه‌ ده‌بێت، به‌و شێوه‌یه‌ ١٢ ترپه‌که‌ دابه‌شی چوار ده‌کرێن و هه‌ر به‌شێکیان سێ ترپه‌ له‌خۆ ده‌گرێت، واته‌ جوله‌ی یه‌که‌م ئاراسته‌ی له‌ سه‌ره‌وه‌ بۆ خواره‌وه‌ ترپه‌کانی (١،٢،٣) و جوله‌ی دووه‌م ئاراسته‌ی بۆ ناوه‌وه‌ ترپه‌کانی (٤،٥،٦) جوله‌ی سێیه‌م ئاراسته‌ی بۆ ده‌ره‌وه‌ ترپه‌کانی (٧،٨،٩) و جوله‌ی چواره‌م ئاراسته‌ی بۆ سه‌ره‌وه‌ ترپه‌کانی (١٠،١١،١٢) له‌خۆ ده‌گرن،(Gould, 2011) به‌و شێوه‌ هه‌ڵبژاردنانه‌ کۆنده‌کته‌ر ده‌توانێت کۆنترۆڵی جوله‌ خێراکان بکات له‌ کێشی (دوازده‌–هه‌شت). (شێوه‌ی ژماره‌ ١٨) ئاماژه‌یه‌ به‌ شێوازه‌ ستانداره‌که‌ی:





شێوه‌ی ژماره‌ (١٨) چۆنیه‌تی جوله‌ی ده‌سته‌کانی کۆنده‌کته‌ر له‌ کێشی دوازده‌–هه‌شت دا یان دوازده‌یی

**٤- کێشی (ده‌–هه‌شت):**

به‌ یه‌کێک له‌ کێشه‌ ئاڵۆزه‌کان ناسراوه‌ له‌ دانراوه‌ موزیکییه‌کاندا، واته‌ ده‌کرێت ئه‌و شێوازی ڕابه‌رایه‌تیکردنه‌ به‌ شێوازی دیکه‌ و جیاواز له‌ شێوه‌ ستاندارده‌که‌ی ڕابه‌رایه‌تی بکرێت، ئه‌و شێوه‌ کێشه‌ ئاڵۆزه‌ ناباوتره‌ له‌ کێشه‌کانی دیکه‌ که‌ ئاماژه‌ی پێدرا، به‌ڵام له‌ دانراوه‌ موزیکییه‌کان به‌تایبه‌تی موزیکی مۆدێرن و هاوچه‌رخ به‌دیده‌کرێن وه‌ک نموونه‌: له‌ هه‌ندێک له‌ دانراوه‌کانی موزیکدانه‌ر (Igor Stravinsky) به‌کارهێنراون، هه‌روه‌ها له‌ موزیکدانه‌ری هاوچه‌رخی مینیمالیزم ( Philip Glass) و هه‌ندێک له‌ موزیکه‌ ئه‌لیکترۆنییه‌کان به‌کاریده‌هێنن. (Lerdahl and Jackendoff, 1983)

ئاراسته‌ و جوله‌کانی ئه‌و کێشانه‌ی ژماره‌ی سه‌ره‌وه‌یان (10)یه‌ یان ده‌یین، به‌ شێوازی دوو پێنجی ڕابه‌رایه‌تی ده‌کرێت، واته‌ ئه‌نجامدانی دووجار له‌و شێوه‌ی پێنجییه‌ ده‌بێته‌ شێوازی ده‌یی ،واته‌ (1,2,3,4,5)+ (1,2,3,4,5)= 10، (شێوه‌ی ژماره‌ ١٩) شیکاری شێوازی جوله‌ی ده‌سته‌کانی کۆنده‌کته‌ر ده‌کات:




شێوه‌ی ژماره‌ (١٩) چۆنیه‌تی جوله‌ی ده‌سته‌کانی کۆنده‌کته‌ر له‌ کێشی ده‌–هه‌شتس دا یان ده‌یی

**٦.١.٢ ته‌کنیکه‌کانی ڕوخسار (face techniques):**

دەربڕینەکانی ڕووخساری کۆندەکتەر یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی کۆندەکتەر لە ئۆرکێسترادا، هەندێک کات بە چەکە شاراوەکەی کۆندەکتەر دادەندرێت بۆ ژەنیارەکانی ئۆرکێسترا، گشت جولەکانی کۆندەکتەر لە بینەران دیارن، تەنیا جولەیەک کە لە ژەنیارەکان دیارە ئەویش ڕوخساری کۆندەکتەرە، بەهێزی کۆندەکتەر لە دەربرینەکانی ڕوخسار کاریگەری لەسەر تەواوی پێرفۆرمانسی ئۆرکێستراکان هەیە، هەمیشە کۆندەکتەر لە ڕێگای ڕوخسارییەوە پەیوەندییەکی بەهێز دەبەستێت لەگەڵ ژەنیارەکان و ئەو تەکنیکانە یارمەتیدەرن بۆ گەیاندنی کاراکتەری دانراوە موزیکییەکان و هەستە جیاوازەکان، واتە بیرۆکە و چیرۆکی تەواوی دانراوە موزیکییەکان لەسەر ڕوخساری کۆندەکتەرە کە نمایش و گوزارشتەکان ئەنجام بدات، واتە کۆندەکتەر دەتوانێت لە ڕێگەی دەربڕینەکانی ڕووخساریەوە ئەندێشە و وێنای خۆی بۆ پارچە موزیکییەکە بگوازێتەوە بۆ ژەنیارەکان.(Durrant, 2003) دەربڕینێکی ڕووخساری گونجاو دەتوانێت ژەنیارەکان ئامادە بکات بۆ ئەو گۆڕانانەی لە موزیکەکەدا دێتە بەجێهێنان، وەک گۆڕانی تێمپۆیەکان یان داینامیکەکان و ئارتیکولەیشنەکان و هتد....(Huron, 2006) کۆندەکتەر دەتوانێ لە ڕێگەی دەربڕینی ڕووخساریەوە جەخت لەسەر بەشە گرنگەکانی موزیکەکە بکاتەوە و ڕۆڵی سێکشن و ئامێرەکان دیاریبکات. هەندێک جار دەربڕینێکی ڕووخساری خێرا لەلایەن کۆندەکتەرەوە دەتوانێت هەڵەیەک ڕاست بکاتەوە بەبێ ڕاگرتنی پێرفۆرمانسەکە، وە هەندێک جار دەربڕینێکی بچووکی ڕووخسار دەتوانێت پەیامێکی گرنگ بۆ ژەنیارێکی دیاریکراو بگەیەنێت بەبێ ئەوەی سەرنجی بینەران ڕابکێشێت. (Farberman, 1997)

دەربڕینەکانی ڕووخسار دەبێت لەگەڵ ژانر و سەردەمی موزیکەکە بگونجێن. بۆ نموونە، دەربڕینەکان بۆ سیمفۆنیایەکی کلاسیک جیاوازە لەگەڵ سیمفۆنیایەکی ڕۆمانتیک، جگە لە سەردەم، شێوازی داڕشتن و ستایلی موزیکدانەرەکانیش جیاوازن لە ڕووی دەربڕینەوە، بۆیە کۆندەکتەر دەبێت لە ڕێگای ڕوخسارییەوە تەواوی ئەو خاڵانە بۆ ژەنیاران شیبکاتەوە، بۆ ئەوەی پێرفۆرمانسێکی ئاست بەرز پێشکەش بکەن، ڕەنگدانەوەی کەسایەتی کۆندەکتەر لە دانراوە موزیکییەکاندا، دەربڕینەکانی ڕووخسار بەشێکی گرنگن لە شێوازی تایبەتی هەر کۆندەکتەرێک و دەتوانن کەسایەتی و تێگەیشتنی کۆندەکتەر بۆ موزیکەکە دەربخەن. هەندێک دەربرین هەیە کۆندەکتەر ناتوانێت بە دەستەکانی ئەنجامی بدات بەڵکو تەنیا بە ڕوخساری دەتوانێت بە شێوەیەک نمایش بکات کە ژەنیارەکانی لە گوزارشتەکان بگەن، جولەیەکی تایبەتی ڕووخساری دەتوانێت وەک نیشانەیەک بۆ کاتی دەستپێکردن یان کۆتاییهاتنی بەشێکی دیاریکراو بەکاربهێنرێت.(Demaree and Moses, 1995)

**لە ڕوخساری کۆندەکتەر چەند بەشێک هەن کە کاریگەری جیاوازیان هەیە لەسەر دەربڕینەکان وەک:**

**١- پەیوەندی چاو:** پەیوەندی چاوەکانی کۆندەکتەر لەگەڵ ژەنیارەکان بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت، کۆندەکتەر لە ڕێگای چاوەکانی دەتوانێت بەشە گرنگەکانی نێو دانراوە موزیکییەکان بە ژەنیارەکان بگەیەنێت، زۆرجار ئەو شوێنانەی کە ژەنیارێک یان سێکشنێک ڕۆڵیان هەیە، کۆندەکتەر پێش هاتنی ڕۆڵەکەیان بە چاوەکانی سەیرێکیان دەکات وەک ئاماژەیەک بۆ بوونی ڕۆڵی ژەنیارەکان، هەندێکجار کۆندەکتەر چاوەکانی دادەخات مەبەست لێی بە شێواز و هەستێکی شیرین دەبێت ئەو بەشەی دانراوەکە پێرفۆرم بکرێت، یان مەبەست لێی ژەنینە بە هێمنی، بە پێچەوانەوە هەندێکجار کۆندەکتەر چاوەکانی دەکاتەوە و وەک هەستێکی توڕەبوونی پێیەوە دیاربێت، مەبەست لێی ژەنینە بە شێوازێکی توند و بەهێز.

**٢- برۆکانی کۆندەکتەر:** بەرزکردنەوە یان نزمکردنەوەی برۆکان دەتوانێت گۆڕانکاری لە داینامیک یان هەستدا پیشان بدات، هەندێک جار برۆکان ئاماژەن بۆ بەشە گرنگەکان و گۆڕانە لەناکاوەکان لە دانراوە موزیکییەکان، هەروەها مەبەست لە بەرزکردنەوەی برۆکانی کۆندەکتەر و سەیرکردنی ژەنیارێک واتە ڕۆڵ بینین لەو بەشەی بۆی دیاریکراوە، بە گرژبوونی برۆکان واتە ژەنین بە شێوازێکی توند و بەهێز، پێچەوانەی ئەو تەکنیکە بەرزکردنەوەی برۆکانە و بە داخستنی چاوەکان مەبەست لێی ژەنین و بە شێوازێکی نەرم و هێمن.

**٣- دەم و لێو:** بە یەکێکی دیکە لە تەکنیەکانی ڕوخسار دادەنرێت، هەمیشە بۆ بوونی زەردەخەنە یان گرژبوونی دەم دەتوانێت کارەکتەری موزیکەکە بگەیەنێت، وەک شادی یان جدیەت. کاتێک دانراوێکی موزیکی یان بەشێک لە دانراوەکان گوزارشت لە شادی دەکەن، کۆندەکتەر زەردەخەنەیەک دەخاتە سەر لێوەکانی واتە ژەنین بە شێوازێکی شاد، بە پێچەوانەی

ئەو تەکنیکە هەندێک جار موزیکێک گوزارشتێکی خەم ئامێزە، کۆندەکتەر لێوەکانی گرژدەکات و هەندێکجار دەمی دەکاتەوە وەک شێوە تورەبونێک بۆ ئەوەی کارەکتەری دانراوەکە نیشان بدات.

**٤: هەناسە دان و وەرگرتن لە ڕێگای لووتەوە:** هەناسەدانی کۆندەکتەر دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئۆرکێسترا هەبێت. هەناسەدانی قووڵ پێش دەستپێکردن یان لە کۆتایی بەشێکدا دەتوانێت یارمەتی ژەنیارەکان بدات بۆ دەستپێکردن یان کۆتاییهێنان.

**٥- جولەی سەر:** جولەی سەر بە خاڵێکی جەوهەری دادەنرێت بۆ ژەنیارەکان، هەندێکجار کۆندەکتەر لە ڕێگای جولەی سەری و جولە جیاوازەکان کۆمەڵێک گوزارشت بە ژەنیارەکان دەگەیەنێت، کە ژەنیارەکان دەتوانن بە ئاسانی لە دانراوە موزیکییەکە بگەن، جولەی سەری کۆندەکتەر وەک یارمەتیدەرێکی گرنگ دادەنرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی تیمپۆی دانراوە موزیکییەکان، هەروەها کۆندەکتەر لە ڕێگەی سەرەوە دەتوانێت ئاماژە بە ئارتیکولەیشنەکان بدات بۆ ژەنیاران، واتە ئەگەر شێوازێکی لیگاتۆی هەبوو، کۆندەکتەر جولەی سەری بۆ سەرەوە و تەنیشتەکان دەجولێنێت، وەک بە پێچەوانەوە ئەگەر شێوازێکی ستەکاتۆ و ئەکسنتی هەبوو، ئەوە جولەی سەر بە پچڕاوی و بۆ پێشەوە ئاراستە دەکەن وەک دەربڕینێک، کاریگەری لەسەر دەربڕینی داینەمیکەکانیش دەبێت، واتە ئەگەر داینەمیکێکی هێمن هەبوو، وەک هەمیشە کۆندەکتەر جولەی سەری بۆ خوارەوە ئاراستە دەکات، و بە پێچەوانەوە ئەگەر داینەمیکێکی بەهێز هەبوو ئەوە کۆندەکتەر جولەی سەری بۆ سەرەوە ئاراستە دەکات. (Kohut and Grant, 1990) ، (کەریم، ٢٠٢١) بڕوانە وێنەی ژمارە (٢٠) (چەند وێنەیەکی جیاوازی دەربڕینی کۆندەکتەرە وەک بەشێک لە گوزارشتە جیاوازەکان لە ڕێگای ڕوخسارەوە):



وێنەی ژمارە (٢٠) دەربڕینە جیاوازەکانی کۆندەکتەر لە ڕێگای ڕوخسارەوە

### ٧.١.٢ تەکنیکی جولەی جەستەی کۆندەکتەر:( Conductor Body Movement Technique ):

وەک بەشێکی گرنگ دادەنرێت لە تەکنیکەکانی کۆندەکتەر لە ئۆرکێسترادا، هەر جولەیەکی جیاواز واتایەکی جیاوازی هەیە لە دەربڕین لە نێو دانراوە موزیکییەکان، جووڵەی لەش دەتوانێت هەستی گشتی موزیکەکە دەرببڕێت. بۆ نموونە، جووڵەی نەرم بۆ بەشە ئارامەکان و جووڵەی بەهێزتر بۆ بەشە پڕجۆشەکان، کۆندەکتەر پێویستە بە شێوەیەکی ڕاست بوەستێت لە کاتی دەستپێک، چونکە لەگەڵ هەر جولەیەک ئاماژەیەکی جیاواز دەبەخشێتە ژەنیاران لە شێوازی ژەنینەکەیان، کۆندەکتەر پێویستە هاوسەنگی باش لە نێوان جووڵە و وەستان بپارێزێت. جووڵەی زۆر دەتوانێت سەرنجڕاکێش بێت، بەڵام هەروەها دەتوانێت سەرلێشێوێنەریش بێت. واتە جولەکان دەبێت واتاداربن، چونکە ئەگەر زیادەڕۆیی لە جولەی جەستەدا بکرێت، دەبێتە هۆکاری تێنەگەیشتن لە تەواوی بەشەکانی دیکەی تەکنیک، کۆندەکتەر پێویستە بزانێت چۆن جەستەی بەکار بهێنێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ بەشە جیاوازەکانی ئۆرکێسترا، بۆ نموونە ئاراستەکردنی سەرنج بۆ بەشێکی دیاریکراو لە ئۆرکێسترادا، واتە بە بوونی ڕۆڵی بەشێک لە ئۆرکیسترادا دەکرێت جولەی جەستە بگۆڕێت بۆ ئەو بەشە، تەکنیکی جەستەیی

باش تەنها لایەنی میکانیکی نییە، بەڵکو پێویستە وزە و کاریزمای کۆندەکتەر بگوازێتەوە بۆ ئۆرکێسترا و بینەران. (Kotter, 2012)

هەندێک جار، نەبوونی جووڵە دەتوانێت بە هەمان ئەندازەی جوولەکردن کاریگەر بێت. کۆندەکتەر دەتوانێت جولەکانی بۆ ئامادەکردنی گۆڕانکاری بەکار بهێنێت، گۆڕانکاری لە تیمپۆی دانراوەکان لە ڕێگای جەستەوە ئەنجام دەدرێت، بە بوونی داینامیکە هێمنەکان و پێویستە کۆندەکتەر جگە لە ئاماژەی دەستەکان، دەبێت بە جولەش ئەو ئاماژەیە بگەیەنێتە ژەنیارەکان بە چەمانەوە و نزمبوونەوەی جەستە یان بۆ هێمنبوونەوەی دانراوەکان، وەک بوونی پلە بە پلە بەرەو هێمنی دانراوەکە پلە بە پلە کۆندەکتەر جەستەی دەچەمێنێتەوە، بە پێچەوانەوە بۆ بە بوونی داینەمیکە بەهێزەکان دەبێت جەستە بکرێتەوە بە شێوازێکی فراوان کاری ڕابەرایەتی ئەنجام بدرێت، یان بە بوونی پلە بە پلە بەرەو توندبوون و بەهێزبوونی داینامیکەکان دەبێت پلە بە پلە جەستە کرێتەوە و فراوان بێت، بە بوونی ئارتیکولەیشنەکان وەک لێگاتۆ دەبێت جەستەی کۆندەکتەر جولەی جیاواز ئەنجام بدات، بە جولەکردن و ئاراستەکردنی جەستە بۆ لای ڕاست و چەپ بە هاوکاری دەستەکانی کۆندەکتەر، وەک نموونەیەکی دیکە بوونی ئارتیکولەیشنی ستەکاتۆ پێویستە کۆندەکتەر جولەکانی بپچڕێنێت وەک ئاماژەیەک بۆ ژەنین بە شێوەیەکی کورت، جولەی لەش لەکاتی بوونی ئارتیکولەیشنی ئەکسنت پێویستە بە بەهێزی و لەناکاو و توند ئەنجام بدرێت، ئەوانەی توێژەران ئاماژەیان پیدا وەک نموونەیەکن لە داینەمک و ئارتیکولەیشنەکان. (Demaree and Moses, 1995)

**لە کۆتاییدا باس لە شوێنی دەستپێک و کۆتایی کۆندەکتەر بۆ هاتنە سەر شانۆ:** کۆندەکتەر بە شێوەیەکی ستاندارد لە نێو ژەنیارانی ئامێرە ژێدارەکان لە نێوان سێکشنی ڤایۆلینی یەکەم و سێکشنی ڤایۆلینی دووەم دێتە شوێنی نمایشەکە، ئەو شێوەیە باوە و زۆرینەی کۆندەکتەرەکان ئەنجامی دەدەن، لە کاتی کۆتایی هاتنی نمایشەکەش مایسترۆ بە هەمان شێوە لە هەمان شوێن شانۆ جێدەهێڵێت، لە کۆتاییدا کاتێک نمایشەکە بە کۆتا دێت، پێویستە کۆندەکتەر دەست خۆشی لە کۆنسێرت ماستەر بکات کە وەک پلەی بەرپرسیارییەتی بە کەسی دووەم دادەندرێت لە ئۆرکێستراکەدا، کە هەمیشە هاوکار و یارمەتیدەری کۆندەکتەرە لە ڕاهێنان و نمایشەکاندا، دوای دەست خۆشی کردن لە کۆنسێرت ماستەر ، ئەگەر تاکژەن واتە (soloist) بەشدار بێت لە نمایشەکە کۆندەکتەر دەست خۆشیی لێدەکات، کۆندەکتەر شانۆ جێدەهێڵێت و دواتر دێتەوە سەر شانۆ دووبارە گوێگران دەست خۆشیان لێدەکەن و کۆندەکتەر بە دەستەکانی ئاماژە بۆ ژەنیارانی تەواوی ئۆرکێستراکە دەکات و دەست خۆشیان لێدەکات، دواتر ئەگەر موزیکدانەری ئەو دانراوە موزیکییەی نمایشیان کردووە لە ژیاندا مابێت کۆندەکتەر ئاماژەی بۆ دەکات بۆ سەر شانۆ و دەست خۆشی لێدەکات وەک ڕێزێک بۆ دانراوەکەی، ئەوانەی توێژەران ئاماژەیان پیدا وەک شێوەیەکی ستاندارد و ئەتەکێت و تەکنیکی کۆندەکتەر دادەنرێت لە ئۆرکێستراکاندا، بەڵام دەشێت لە هەندێک نمایشی جیاوازدا جولەی جیاواز ئەنجام بدرێت. ئەنجامدانی جولەی کۆندەکتەر لە کاتی نمایشەکاندا بە یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکان شێوازی کۆندەکتەرە بۆسەر شانۆ(stage) ،کە وەک خاڵێکی بنچینەیی دادەنرێت لە تەکنیک و ئەتەکێتەکانی ئۆرکێسترادا، هەمیشە کۆندەکتەر لە ناوەڕاستی تەواوی ژەنیارانی بەشداربوو لە ئۆرکێستراکە دەوەستێت کە ڕووی لە ئۆرکێسترا و ژەنیارانە و دواوەی لە گوێگرانەوەیە، کۆندەکتەر دەبێت شوێنی وەستانی زۆر ڕوون بێت لەلای گشت ژەنیاران واتە دەبێت ژەنیار بە ڕوونی کۆندەکتەر و جولەی دەستەکانی لەلا ڕوون بێت، ژەنیاران بەبێ سەیرکردنی کۆندەکتەر بە چاو دەبێت جولەکانی دەستی کۆندەکتەر ببینن و لەگەڵ سەیرکردن و پێرفۆرمکردنی پارچە موزیکیەکان. (Green and Gibson, 2004)

کۆندەکتەر دەبێت بە شێوەکی زانستی پێرفۆرمی دانراوە موزیکییەکان بکات و جوانکاری لە جولەکانی بکات، بەڵام بەبێ زیادەڕۆیی ، دەبێت وەک ژەنیارێک چۆن گوزارشتەکان لە ڕێگای ئامێرەکە و جولەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێت، بەهەمان شێوە کۆندەکتەریش دەبێت لە ڕێگای جەستە و ئامێری باتۆن ئەم گوزارشتە بۆ ژەنیارەکان بهێنێتە کایەوە، تا ژەنیارەکان بە خرۆشەوە لە کار و نمایشەکە بڕوانن و هەروەها بۆ گوێگرانیش گوزارشتەکان دەبێت تەواو لە شوێنی خۆیدا ئەنجام بدرێت. هەمیشە کۆندەکتەرەکان تا بە شێوەیەک دیاربن لە ژەنیاران و گوێگران لە شوێنێکی بەرزتر دادەنرێت لە ژەنیارەکان

وەک بەکارهێنانی ئامرازی(سەکۆی کۆندەکتەر). (Rudolf, 1995)
جێگای ئاماژە پێدانە ئەو تەکنیکانی کە لەلایەن توێژەرانەوە ئاماژەیان پێدرا هەر یەکەیان وەک تەکنیکێکی جیاواز شرۆڤەکراون، بەڵام گشت تەکنیکەکانی کۆندەکتەر پەیوەستن بەیەکەوە، واتە گشت جولەکان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و تەواوکاری یەکن لە کاری ڕابەرایەتیکردندا.

**ئەنجامی توێژینەوە:**

١. بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کۆندەکتەر بە یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی بوون بە کۆندەکتەری سەرکەوتوو دادەندرێت.
٢ .گرنگی بەکارهێنانی تەکنیکەکان لەلایەن کۆندەکتەر ئاستێکی باڵا لە نمایشە موزیکییەکان دێنێتەکایەوە.
٣ .بەهۆی تەکنیکەکانەوە جیاوازی لە پێرفۆرمانسی ئۆرکێستراکان دیتەکایەوە لەلایەن کۆندەکتەرەوە.
٤ .کۆندەکتەرەکان دەتوانن گوزارشتەکان و دەربڕینەکان لە ڕێگای تەکنیکەکانەوە بە ویستی خۆیان بگەیەنن بە ژەنیارەکان لەژێر ڕۆشنایی موزیکدانەر.
٥ .تەکنیکەکانی دەستی ڕاست و چەپ، خاڵی جیاواز و هاوبەشیان هەیە لەکاتی ڕابەرایەتیکردن.
٦ .ڕوخساری کۆندەکتەر بە چەکە شاراوەکەی کۆندەکتەر دادەنرێت لەکاتی ڕابەرایەتیکردندا.
٧ .جولەی جەستە واتای جیاواز دەبەخشێت لەکاتی ڕابەرایەتیکردندا.
٨ .کێشە سادەکان بە یەک شێواز ڕابەری دەکرێت، بەڵام کێشە ئاڵۆزەکان بە چەند شێوازێک.
٩ .گشت جولەکانی کۆندەکتەر واتایەکی جیاوازی هەیە، بۆ ژەنیارانی ئۆرکێسترا.

**پێشنیاز:**

١ .توێژەرانی کورد توێژینەوەی زانستی لەسەر تەکنیکی جیاواز لەو تەکنیکانەی ئاماژەی پێدراوە لە توێژینەوەکەدا ئەنجام بدەن.
٢ .توێژینەوەی زانستی تایبەت بە ئەرکەکانی ژەنیارانی ئۆرکێسترا ئەنجامبدەن
٣ .موزیکدانەرانی کورد ڕەچاوی تەواوی وردەکارییەکان لە دانراوە موزیکییەکانیان بکەن وەک ڕێنیشاندەرێک بۆ ڕابەریکردنێکی زانستی.

**ڕاسپاردە:**

١ .لە بەشی موزیکی پەیمانگا و کۆلێژی هونەرە جوانەکانی باشووری کوردستان گرنگی بە لایەنە تەکنیکەکانی ڕابەرایەتیکردنی موزیکی بدرێت.
٢ .قوتابیانی خوێندنی باڵا توێژینەوە لەسەر شێواز و تەکنیکە جیاوازەکانی کۆندەکتەر ئەنجام بدەن.

## سەرچاوەکان:

### کتێبەکان بە زمانی کوردی:

- کەریم، ج. (٢٠٢١) 'پێوەندی نێوان دەربڕینی ڕوخسار و کاریگەری مۆسیقی, گۆڤاری زانستی هونەر.

### کتێبەکان بە زمانی ئینگلیزی:

- Battisti, F., 2007. *On becoming a conductor: lessons and meditations on the art of conducting*. Galesville, MD: Meredith Music Publications.
- Blanchard, K. and Johnson, S., 2015. *The new one-minute manager*. New York: William Morrow.
- Boult, A., 1968. *A handbook on the technique of conducting*. London: Paterson's Publications.
- Bowles, M., 2004. *The art of conducting*. New York: Da Capo Press.
- Battisti, F. and Garofalo, R. (2000) Guide to Score Study for the Wind Band Conductor. Ft. Lauderdale, FL: Meredith Music Publications.
- Demaree, R. W., & Moses, D. V. (1995). *The Complete Conductor: A Comprehensive Resource for the Professional Conductor of the Twenty-First Century*. Englewood Cliffs, NJ: Prentice Hall.
- Durrant, C. (2003). *Choral Conducting*: Philosophy and Practice. New York: Routledge.
- Farberman, H., 1997. *The art of conducting technique*: a new perspective. Miami, FL: Warner Bros. Publications.
- Gould, E. (2011). Behind Bars: *The Definitive Guide to Music Notation*. London: Faber Music Ltd.

- Green, E. and Gibson, M., 2004. *The modern conductor*. 7th ed. Upper Saddle River, N.J.: Pearson Prentice Hall.
- Grosbayne, B., 1973. *Techniques of modern orchestral conducting*. 2nd ed. Cambridge, MA: Harvard University Press.
- Hunsberger, D. and Ernst, R. E., 2018. *The Art of Conducting*. 9th ed. New York: McGraw-Hill Education.
- Huron, D., 2006. *Sweet anticipation: Music and the psychology of expectation*. Cambridge, MA: MIT Press.
- Johnson, A. (2020) The Evolving Role of the Conductor in the 21st Century. New York: Harmony Press.
- Kotter, J.P., 2012. *Leading change*. Boston: Harvard Business Review Press.
- Kohut, H. and Grant, R. (1990) Self psychology: An introduction. New York: W.W. Norton & Company.
- Labuta, J.A., 2010. *Basic conducting techniques*. 6th ed. Upper Saddle River, NJ: Prentice Hall.
- Lerdahl, F. and Jackendoff, R., 1983. *A generative theory of tonal music*. Cambridge, MA: MIT Press.
- Lisk, E.S., 2015. *The creative director: alternative rehearsal techniques*. 3rd ed. Galesville, MD: Meredith Music Publications.
- Levine, R. (2001) The Art of Conducting. New York: Oxford University Press.
- Maxwell, J.C., 2011. *The 5 levels of leadership*: Proven steps to maximize your potential. New York: Center Street.
- McElheran, B., 2004. *Conducting Technique: For Beginners and Professionals*. 3rd ed. Oxford: Oxford University Press.
- Meier, G., 2009. The score, the orchestra, and the conductor. Oxford: Oxford University Press.
- Phillips, K. H., 2016. *Basic Techniques of Conducting*. New York: Oxford University Press.
- Prausnitz, F., 1983. *Score and podium: a complete guide to conducting*. New York: W.W. Norton.
- Rudolf, M., 1995. *The grammar of conducting*: a comprehensive guide to baton technique and interpretation. 3rd ed. New York: Schirmer Books.
- Schuller, G., 1997. *The compleat conductor*. New York: Oxford University Press.
- Seaman, C., 2013. *Inside conducting*. Rochester, NY: University of Rochester Press.
- Sinek, S., 2009. *Start with why: How great leaders inspire everyone to take action*. New York: Portfolio.
- Wittry, D., 2007. *Beyond the baton: what every conductor needs to know*. Oxford: Oxford University Press.
- Yukl, G., 2013. *Leadership in organizations*. 8th ed. Essex: Pearson Education Limited.

**کتێبەکان بە زمانی عربی:**

– الخولي، سمحة (٢٠٠٠). "الإيقاع في الموسيقى العربية". القاهرة: دار الكتب المصرية.
– الصنفاوي، محمد عصام (٢٠١٥). "علم الصولفيج والإيقاع". القاهرة: دار الكتب والوثائق القومية.
– حسني، صبحي أنور رشيد (١٩٩٣). "موجز تاريخ الإيقاع". بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.
– حنانا، محمد علي (٢٠٠٧). "الموسيقى النظرية". دمشق: منشورات وزارة الثقافة.
– صبري، محمد (٢٠١٨). "تقنيات القيادة الأوركسترالية". القاهرة: دار العين للنشر.
– قدوري، حسين (٢٠١٢). "الإيقاع في الموسيقى العربية: بين النظرية والتطبيق". بيروت: دار الفارابي.

**گۆڤار و بڵاوکراوەکان:**

– کەژاڵ، پاڤێ. (٢٠٢٣) ڕۆڵی دەرگاوان لە دارشتنی ناوەرۆکە ڕۆژنامەوانیەکاندا، ڕۆژنامەوانانی دەزگای ڕۆژنامەوانی هەرێمی کوردستان بەنموونە. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان. بەرگی ٢٧. لا ١٦٢.

## دور واستخدام تقنيات القائد في الأوركسترا

**كاوان احمد الياس**
ق ال سدقى،كلة الف ن ال لة،جامعة صلاح ال ي –أر ،إقل
ک ردسان،العاق
kawan.elias@su.edu.krd

**سرود فؤاد محمد**
ق ال سدقى،كلة الف ن ال لة،جامعة صلاح ال ي –أر ،إقل
ک ردسان،العاق
surwd.mohammed@su.edu.krd

**الملخص**
ت ه ه ال راسة على دور واس ام تق ات القائد ال لفة في الأور ا وهي دراسة ت ل ل ة ووص ة. في ه ه ال راسة ، ق م ال اح ن ب ل م عة م تق ات القائد في الأور ا عل ا ، وال ي تع ج ءا أساسا ومه ا م إج اء الع القائ .
ع أداء ه ه ال ق ات م ق قائ الأور ا ض ورة مه ة ل ق أه اف م دة ، وال ي ت عل قائ الأور ا نف ه في ع الأور ا. ي إن اج ه ه ال ق ات م خلال م عة م عة م ح ات ج ال ص . ه ه ال ق ات هي وس لة ل ع الأداء ال س قي ، إذا ت إج اؤها عل ي وناجح ، و ال ال ي تع ه ه ال ق ات ض ورة لل ع وض ال س ة. في ض ء ذل ، وج ال اح ن أنه م ال ه ش ح دور و قة أداء ه ه الأن اع م تق ات ال صلات في س اق دراسة لق اء ال سقى.
ت ال ض عات ال ة ال ارة ع دا م ال ض عات الهامة ال ي ت عل ب ق ات ال ص وح ة ج ال ص ال ام ، م ض عات تق ة ال ص : ب ءا م ال ال ى وال للقائ ، ي ت ل خ ائ ح ات ي ال ص م ف أ ال ال ى م ف وال ال م ف ، ث ت م اق ة تق ات الع ا ، وال قا ال ة ب ال ال ى وال لل ص م ض ع آخ لل ، ث تق ات وجه وج ال ص م ض عان تق ان مه ان س ع ال حل الأولى والأخ ة م الع ض م اق ة ب ا ة ونها ة الع ض ، وال ي تع م أه تق ات قائ الأور ا.
**الكلمات المفتاحية:** ال ور ، الاس ام ، ال ق ات ، الك ن اك ، الأور ا.

## The Role and Use of Conductor Techniques in the Orchestra

**Kawan Ahmad Elias**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
kawan.elias@su.edu.krd

**Sruwd Fuad Mohamed**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
surwd.mohammed@su.edu.krd

**Abstract**
This study focuses on the role and use of different conductor techniques in the orchestra and is an analytical and descriptive study. In this study, researchers scientifically analyze a set of conductor techniques in the orchestra, which are an essential and important part of conducting the conductor's work.
The performance of these techniques by the conductor is an important necessity for the achievement of specific goals, which concern the conductor himself in the work of the orchestra. These techniques are produced by a variety of conductor body movements. These techniques are a means of enhancing musical performance, if scientifically and successfully, and therefore these techniques are considered a necessity for musical performances. the researchers found it important to explain the role and functioning of these types of conductor techniques in the context of a study of music readers.
The selected research topics include a number of important topics related to connector techniques and the movement of the entire conductor body, connector techniques topics: Starting from the right and left hand of the conductor, the characteristics of the conductor's hand movements are analyzed separately i.e. the right hand separately and the left hand separately, then stick techniques, common points between the right and left hand of the connector are discussed Another topic of research, then connector face and body techniques are two important technical topics for The first and last phases of the show is a discussion of the beginning and end of the show, which is one of the most important techniques of the conductor.
**Keywords**: role, use, technique, conductor, orchestra